دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

راگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەبارەت بە ناسنامەی شەهیدانی نوێی گەل ٢

سپاس و پێزانینی حیزبی دێموکرات لە ئاکادیمیسیەن و رووناکبیرانی کورد ٣

کوردستان رێزی لە شەهیدانی خەرمانان گرت ٤

ژمارە ٧٣٤، شەممە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com

مستەفا هیجری: قۆناغێکی نوێ لە خەبات دژی رێژیمی ئێران ... ٤



دەقی وتەکانی دوکتور میرۆ عەلیار ٦



دوکتور شەرەفکەندی رێبەرێک بۆ هەموو نەسڵەکان ٧



وتووێژی کوردستان لەگەڵ دوو ئەندامی ناوەندی سیاسیی حدکا ١٠



# خەرمانی تاوانی رێژیم و حەماسەی کوردستان



رێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی رۆژێکی رەشی دیکە بوو بە تەوێڵی کۆماری فاشیستی ئیسلامی ئێرانەوە کە تێیدا جینایەتێکی لەبیرنەکراوی دیکەی دژ بە گەلی مافخوراوی کورد ئەنجام دا، غافڵ لەوەیکە ئەم هەڵە ستراتێژیکە، چەند رۆژ دواتر حەماسەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی لێ شین دەبێت؛ رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، دوابەدوای ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی بە خەیاڵی خاوی خۆی ویستی بە سەرکوتی توندوتیژ واتە ئێعدامی لاوانی کورد و مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی پۆلێک تێکۆشەری رێگەی ئازادی، پێش بە بەردەوامی و پەرەسەندنی گەشەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بگرێ، خەڵک موشەکێکی بێدەنگیان نا بە تارانەوە و بێدەنگیان کرد.

هەر لە یەکەم ساتەکانی رۆژی چوارشەممەوە کە وادەی بەرێوەچوونی مانگرتنی گشتی لە کوردستان بوو، خەڵک بەپیری بانگەوازی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانەوە هاتن و بە نەچوونە سەر کارەکانیان و نەکردنەوەی دووکان و بازارەکان تۆوی هیوایان لە دڵی گەلدا چاندەوە و دۆشداماوییان کردە دیاری بۆ سەرانی کۆماری تاوان.

لەم حەماسە لەبیرنەکراوەدا کە نیشاندەریی پێگەیشتوویی سیاسی و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی ئەم گەلەیە، گەل یەکدەنگ و بێ دردۆنگی سەرباری بوونی کەشی تەواو پۆلیسی و ئەمنیەتی و هەرەشە و گورەشە و چاوسوورکردنەوەکانی رێژیمی داپلۆسێنەر، بە کردەوە سەلماندیان کە کورد باوەری بە سیستەمی زاڵ بە سەر ئێراندا نییە و زوو یان درەنگ دەبێ بسپێردرێ بە مێژوو.

رەنگە یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی ئێعتراز و نارەزایەتی دەربرینی هێمنانەی ئەمجارە ئەوە بێت کە هەموو کوردستانی تەنییەوە؛ کە ئەمە نیشانەی یەکگرتوویی و یەکدەنگی فکری و هزری نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵات لەهەمبەر چارەنووسی گەلەکەیان بوو.

هەرچەند کە پێش لە بەرێوەچوونی ئەم حەماسە لەبیرنەکراوەی گەلی کورد، لە هەندێک شاری کوردستاندا رێژیم بەهۆی ترسی لە بەرێوەچوونی مانگرتن کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردستانی بانگهێشت و تەنانەت دەسبەسەر کرد بەڵام خەڵک نەترسان و لێبراوانە بریاری یەکلاکەرەوەی خۆیان دا و بەپیر بانگەوازی حیزبەکانیانەوە هاتن و کردەوە دژەمرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد.

خاڵێکی جێگەی سەرنجی دیکە لەم نێوانەدا ئەوە بوو کە مانگرتن وڵامێک بوو بۆ پیشاندانی هاوپێوەندی ئۆرگانیکی "شار و شاخ"؛ بەو واتایە کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە نەخش و دەوریان تێدا گێرا، ئەوانیش بریتی بوون لە: حیزبەکان، خەڵکی ئاسایی و بژاردەکان کە سێکوچکەیەکیان بۆ لەرزاندنی زیاتری کۆڵەکە رزیوەکانی دەسەڵات لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا پێک هێنا.

حەماسەی ٢١ی خەرمانان مووشەکی بێدەنگی گەلی کورد بوو روو لە دەسەڵاتی نارەوای تاران کە بە مووشەکی پرهاژە و گیڤە هێرشی کردە سەر ژن و منداڵی بێ دیفاع و جینایەتی خوڵقاند.

ئەم جینایەتکارییە و ئەو وڵامە جەرگبرەی گەل بە داگیرکەرانی کوردستان لە مانگێکدا خووڵقا کە بۆخۆی وەبیرهێنەرەوەی جینایەتێکی سامناکی دیکەی رێژیم دژ بە گەلی کورد بوو؛ جینایەت و تێرۆری میکۆنۆس لە رێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی کە تێیدا سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و جێگری شەهیدی نەمر دوکتور قاسملووی بیرمەند، وێرای چەند هاورێی لە رێستۆرانی میکۆنۆس لە شاری بێرلینی ئاڵمان کەوتنە بەر پەلاماری دڵرەشانی مێژوو و شەهید کران.

دوای ئەم رووداوە گەلی کورد هەموو ساڵێک یاد و ناوی شەهیدانی میکۆنۆس بەرز رادەگرن و جیا لە ئەنجامدانی رێورەسمی تایبەت لە دەرەوەی وڵات، لە نێو شارەکانی کوردستانیشدا بە ئەنجامدانی چالاکی تەبلیغی حەماسە دەخوڵقێنن و پەیمان لەگەڵ رێبازی پرسەرەرییان نوێ دەکەنەوە.

لە ٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵیشدا بەهەمان شێوەی ساڵانی رابردوو جیا لە ئەنجامدانی چالاکی لە سەر مێنیۆمێنتی میکۆنۆس لە ئاڵمان، تێکۆشەرانی دیموکرات لە دەرەوەی وڵات بە دەوری گۆری پیرۆزی شەهیدان لە پیرلاشێزی پاریس کۆبوونەوە و بەڵێنیان لەگەل شەهیدانی بێرلین نوێ کردەوە؛ هەروەها رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە کەمپی جێژنیکانی حیزبی دێموکرات رێورەسمێکی تایبەت بە ٢٦مین ساڵیادی تێرۆری ناجوامێرانەی شەهیدانی میکۆنۆس بەرێوە چوو کە تێیدا بەرێز د. میرۆ عەلیار جێگری ناوەندی سیاسی حیزب بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد؛ ناوبراو لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە " بە تێروری د. شەرەفکەندی، دوژمن برینێکی بەژان و کەلێنێکی قووڵی خستە جەستەی حیزبی دێموکرات و زەبرێکی قورسی لە جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان وەشاند، بەڵام خەونەکەی وەدی نەهات و بە ئاوات نەگەیشت. ئەورۆ ٢٦ ساڵ دوای تێروری بێرلین، ئاڵای خەباتی رزگاریخوازانەمان هەروا دەشەکێتەوە و رۆڵەکانی شەرەفکەندی حەماسە دەخوڵقێنن".

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەرێز عەلیار پرژایە سەر ئەو قەیرانانەی کە ئەمرۆکە کۆماری ئیسلامی لەگەڵیدا بەرەورووە و رایگەیاند: " کۆماری ئیسلامی ئەورۆ لەگەڵ گەورەترین و پرمەترسیترین قەیرانی مێژووی خۆی لە ژوورەوە و دەرەوە بەرەورووە بۆتەوە" کە بەم شێوەیە پۆلێنبەندی کردبوو: ١. قەیرانی سیاسی و قەیرانی حاکمییەت، ٢. قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ٣. قەیران لە سیاسەتی دەرەوەدا.

سەبارەت بە دواپێشهات و رووداوەکان و ئەو بەرنامانەی کە کورد دەبێ بیگرێتە بەر وتی: " بۆ ئەوەی بەسەر ئاڵوگۆرەکاندا نەکەوین یان ئاڵوگۆرەکان بەسەرماندا نەرووخێن، کورد دەبێ ئامادە بێ و خۆی رێک بخا کە بتوانین خێرا و لەکاتی خۆیدا هەلەکان بقۆزینەوە، لە دەرفەتەکان بە قازانجی میللەتەکەمان کەڵک وەرگرین و پیلان و هەرەشەکانی نەیاران پووچەڵ کەینەوە. حیزبە کوردستانییەکان کەوتوونەتە بەر تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی، دەبێ بەرپرسانە و سیاسییانە هەنگاو هەڵگرن"؛ وتیشی: " یەکیەتی و یەکهەڵوێستی حیزبەکانمان نەک هەر بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی حەیاتییە، بەڵکوو مەوقعییەت و پێگەی کورد بەرامبەر بە ئۆپۆزسیونی ناوەندی و لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا بەهێز دەکا".

**دەقی وتەکانی بەرێز عەلیار و چەند هەواڵ و راپۆرتی پێوەندیدار بە حەماسەی ٢١ی خەرمانان لەم ژمارەی "کوردستان"دا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەرێز.**

## پەیڤ

### شار چەک هەڵ دەگرێ

**کەریم پەرویزی**

سەرەرۆیی و دیکتاتۆری و ستەمکاریی بەردەوامی هەر سیستمێک، وا لە خەڵک دەکا هەڵوێست و سەرهەڵدانیان توند و توندتر بکەنەوە و گەر سیستمێک هیچ دەرگایەکی بۆ چاککردنەوە و گوێ لە دەنگی خەڵک گرتن نەبێ، ئەوا خەڵک بە ناچار تا ئاستی هەرەبەرزی بەرەورووبوونەوەی رێژیم دەچن.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی نزیک بە چوار دەیەیە کە بە هەموو شێوەیەک ستەمی چەندقات لەسەر هەموو خەڵکی ئێران و بەتایبەت لەسەر نەتەوە ستەملێکراوەکان بەرێوە دەبات. ئەم رێژیمە هیچ دەرەتانی وەدواکەوتنی مافەکانی خەڵکی بۆ نەتەوەکانی ئێران نەهێشتۆتەوە و هەموو رێکارە سیاسی و مەدەنی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان کە لەلایەن خەڵک و تێکۆشەرانی سیاسییەوە پەیرەو کرابێ، لەگەڵ توندترین شێوازی سەرکوت بەرەورووبۆتەوە و تەنانەت چالاکانی ژینگەپارێزیش لە ئاگری ستەمکاریی رێژیمی ئاپارتایدی ئیسلامیی تاران و سوپا تیرۆریستییەکەیدا سووتێندراون.

خەباتی چەکداریی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات بۆ ماوەی دوو دەیە راگیرا و کورد جیا لە، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە بەشێکی دیکەی کوردستانیشدا، ئەو دەرەتانەی بە رێژیمی ئیسلامیی تاران دا کە لەو بیست ساڵەدا هەنگاوێکی سیاسی بگرێتە پێش بۆ کرانەوە بەرووی خەڵکی کورددا و کوردستان لەو هەموو گوشار و میلیتاریزەکردن و کوشتارە دەرباز ببێ و کۆماری ئیسلامی لە یاساکانی خۆیشیدا بووبێ ئاڵوگۆرێک پێک بێنێ و کوردستان بە هەندێک لە مافە سەرەتاییەکانی بگا، بەڵام کۆماری ئیسلامی لەو بیست ساڵەدا تەنیا سەرکوت و ئاسیمیلاسیۆنی زۆرتر کرد، بانگەشەی نەمانی خەباتی لە کوردستان کرد و هەوڵی دا لەباتی چەک، «مەوادی موخەدیر» بداتە دەست لاوەکانی کوردستان!

ئەمانە و چەندین هۆکاری دیکە، کوردستانی رۆژهەڵاتی ناچار کرد کە قۆناخێکی دیکەی خەبات بگیرێتە پێش و راسانی رۆژهەڵات، ئەم قۆناخە نوێیە کە هەنگاوە سەرەتاییەکانی دەست پێ کردووە و پلە بە پلە بەرەو لووتکە هەڵدەکشێ. راسان بریتی نییە لەوەی ئەرکی رزگاریی نەتەوەیی بخرێتە تەنیا ئەستۆی پێشمەرگە و شاخ، بەڵکوو بریتییە لە گرێدانی خەباتی شارو شاخ، واتە هەموو رەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەییەکانی خەباتێکی

درێژە لە لاپەرەی ٣

# ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەبارەت بە ناسنامەی شەهیدانی نوێی گەل



هەر وەک ڕۆژی ۱۳۹۷/٦/۱۷ی هەتاوی لە پێوەندی لە گەڵ مووشەکبارانی بنکەکانی کۆیەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رامانگەیاند دوو پێشمەرگەی حیزب تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون کە بریتین لە:

- شەهید "فاروق حەسەن خەیات"؛ ناوبراو لە ساڵی ۱۳٦٥ی هەتاوی لە شاری بۆکان لەنێو بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایک بوو، پاش ڕەوانەکردنی بۆ قوتابخانە توانی سەرکەوتووانە بڕوانامەی فەوق لیسانس (کارناسی باڵا)ی لە رشتەی موهەندسی کشاوەرزی وەدەست بهێنێت؛ شەهید فاروق نموونەی پێشمەگەیەکی لێهاتوو، ئازا و وشیار بوو کە بەو هۆیەوە بوو بە مامۆستای فێرگە و وەک کادرێکی سیاسی و نیزامی بەبرشت ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی خۆی لەوپەڕی دڵسۆزیدا بەڕێوە دەبرد.

- شەهید "موختار قادرپوور"؛ ناوبراو ساڵی ۱۳٦٤ی هەتاوی لە ئاوایی تایربۆغەی سەر بە شاری سەقز لە نێو بنەماڵەیەکی گەلدۆست لە دایک بوو. شەهید موختار یەکێک لەو پێشمەرگە گیان لەسەر دەست، ئازا و لێهاتووانەی حیزب بوو کە دلسۆزانە کار و ئەرکە حیزبییەکانی بەڕێوە دەبرد و بەهۆی ئاکارە شۆڕشگێڕانەکانی ببوە سەرباشقەی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، هەر بەو هۆیەشەوە بوو بە مامۆستای فێرگە و وانەکانی نیزامی فێری فێرخوازانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە دەکرد.

لەلایەکی دیکەشەوە بە پێی هەواڵی گەیشتوو، دوو پێشمەرگەی ئازا و چاونەترسی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە ڕێکەوتی ۱۹ لە سەر ۲۰ی گەلاوێژی ئەمساڵ لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی کێلەشین بە برینداری کەوتبوونە دەست هێزە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەم ڕۆژانەی دواییدا شەهید کراون، ناوی ئەو دوو پێشمەرگە سەربەرز و قارەمانە کە بە برینداری تا دوا فیشەک لە بەرانبەر دوژمن کۆڵیان نەدا، بریتییە لە:

- شەهید "ئەحەد شەباب" کوڕی قادر، خەڵکی مەهاباد کە لە ساڵی ۱۳۹٥ پەیوەست بوو بە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

- شەهید "ناسر عەزیزی" کوڕی خالید ناسراو بە "هەژار" خەڵکی مەهاباد کە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا خزمەتی بە خاک و نیشتمانەکەی دەکرد.

هەر دوو هاوڕێی شەهید لە مەئمووریيەتەکانی حیزبیدا چالاکانە بەشدار بوون و دواجار گیانی ئازیزیان کردە پردەبازی ئازادی.

لە لایەن ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزی پێشمەرگەی کورستانەوە بە بۆنەی شەهیدانی ۱۷ی خەرمانان و دوو شەهیدی شەڕی کێلەشین سەرەخۆشی لە هەموو خەڵکی کوردستان و کەس و کاری ئەو شەهیدانە دەکەین و خۆمان بە بەشداری خەمیان دەزانین، ڕۆحیان شاد.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**۱۸ی خەرمانانی ۱۳۹۷ی هەتاوی**

# دەستەی کارگێری حیزبی دێموکرات: ئاکامی بێدەنگی هەموو لایەنەکان، بوو بەهۆی ئەم هێرشە لە خاکی وڵاتێکی دیکە

سەبارەت بە ئێعدامی چالاکانی سیاسی لە ڕۆژانی ڕابردوودا و هەروەها پەلامارە تێرۆریستییەکەی ڕۆژی ڕابردوو لە کۆیە، دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکرات ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی شەممە ۱۳۹۷/٦/۱۷ی هەتاوی بەرانبەر بە ۲۰۱۸/۹/۸ی زایینی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران حوکمی ئێعدامی سێ لاوی تێکۆشەری کورد بە ناوەکانی رامین حوسین پەناهی، زانیار و لوقمان مورادی لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج بەڕێوەبرد؛ هەر لەو کاتەدا، کەمپی ئازادی و دەورووبەری کە شوێنی نیشتەجێ بوونی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکانیانە لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانی ئێران کەوتە بەر مووشەکبارانی ئەو ڕێژیمە و لە ئاکامدا بەدەیان کەس لە دانیشتووانی ئەو کەمپە کە ژن و منداڵیشیان لە نێودا بوون شەهید و بریندار کران.

بێجگە لەوانە بە پێی ڕاگەیەندراوی دەزگای فەرماندەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوو پێشمەرگەی ئەو حیزبە کە لە تێکهەڵچوونێک لەگەڵ هێزەکانی سەر بەڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێکەوتی ۱۹ لەسەر ۲۰ی گەلاوێژی ئەمساڵ لە کێلەشین بە برینداری کەوتبوونە دەستی ڕێژیم لەو ڕۆژانەدا شەهید کراون.

هەمووی ئەو کردەوە جینایەتکارییانەی ڕێژیم لە حاڵێکدایە کە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ۲۰۱۸/۷/۲٦ی زایینی بیروڕای گشتی، وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ... لە هەڕەشەکانی فەرماندەرانی سپای پاسداران بۆ هێرش بۆ سەر شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەماڵەکانی ئەوان ئاگادار کردبووە و داوای لێکردبوون کە زەخت بخەنە سەر ئەو ڕێژیمە بۆ پاشگەزکردنەوەی لەو هێرشە چاوەڕوانکراوە. بەڵام بەداخەوە ئاکامی بێدەنگی هەموو لایەنەکان بوو بەهۆی ئەم هێرشە لە خاکی وڵاتێکی دیکە و گیان لەدەستدان و برینداربوونی دەیان کەس لە دانیشتوانی ئەو شوێنە و لە هەمانکاتدا دەست ئاواڵەیی ڕێژیم بۆ کوشتن و قەڵاچۆکردنی تێکۆشەرانی کورد و ژن و مناڵیان تەنانەت لە وڵاتێکی دیکە بەتاوانی داخوازی مافە ڕەواکانیان کە دەیان ساڵە لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بە هەموو شێوەیەک پشتگوێ دەخرێ.

ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی کردەوەی ئێعدامی لاوە تێکۆشەرەکانی کورد لە ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری ئەو لاوانە دەکەین.

هەر لەوحاڵەدا بۆمبارانکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی حیزبی دێموکرات و ژن و منداڵی ئەوان لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان مەحکووم دەکەین، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری قوربانیانی ئەم ڕووداوە دەکەین و ئاواتی زووتر چاکبوونەوەی برینداره‌کانمان هەیە.

بە پێویستی دەزانین بۆ جارێکی دیکەش وەبیر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بێنینەوە ئەگەر لە ماوەی چل ساڵی ڕابردووی تەمەنیدا لە ڕەوتی کوشتن، زیندانی کردن و ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد بەردەوام بووە، بەڵام نەیتوانیوە خەڵکی وشیار و مافخوازی کورد بە سەرکووت کردن لە داخوازی مافەکانیان پاشگەز بکاتەوە، بێگومان لە داهاتووشدا لەو پیلانە سەرکەوتوو نابێ و، گەلی کورد لە ئێران تا گەیشتن بە مافەکانی خۆی لە تێکۆشان کۆڵ نادا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێری**
**۱۸ی خەرمانانی ۱۳۹۷ی هەتاوی**
**۹ی سپتامبری ۲۰۱۸ی زایینی**

# شەهیدانی ۱۷ی خەرمانان بە خاکی نیشتمان ئەسپێردران



گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە تەرمی پیرۆزی پۆلێک تێکۆشەری شەهیدکراو بە دەستی تاوانکارانی کۆماری ئیسلامی لە ئامێز گرت.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ئەمڕۆ یەکشەممە ڕێکەوتی ۱۸ی خەرمانانی ۱۳۹۷ی هەتاوی بە بەشداری بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، تەرمی پیرۆزی شەهیدانی تازەی گەل کە لە ئەنجامی کردەوەی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی بۆسەر بنکە و بارەگاکانی حیزب لە کۆیە گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد، لە گۆڕستانی شەهیدان ئەسپەردەی خاک کران.

ڕێکەوتی ۱۷ی خەرمانان ڕێژیمی ترسلێنیشتووی تاران لەڕێگەی بەزاندنی سنووری خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق و بەپێی دانپێدانانەکەی خۆیان بەهۆی مووشەکی زەوی بە زەوی جینایەتێکی خوڵقاند و بووە هۆی شەهید بوون و بریندار بوونی پۆلێک ئازادیخواز و تێکۆشەری کوردستان.

# کوردستان یەکدەنگ وتی "نا"



گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپیری بانگەوازی حیزبەکانەوە هاتن و دژی تەواوییەتی کۆماری تاوان و جینایەت هەڵوێستیان گرت و بە بێدەنگی خۆیان "نا"یەکی قایمیان دا بە گوێی ملهۆڕانی تاران.

ڕۆژی چوارشەممە ۲۱ی خەرمانانی ۱۳۹۷ی هەتاوی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لاپەڕەیەکی دیکەی پڕ لە شانازییان بۆ خۆیان تۆمار کرد کە نەسڵەکانی دواتر بە شانازییەوە باسی لێوە دەکەن؛ لە شارەکانی بۆکان، سنە، سەقز، بانە، پاوە، نەغەدە، شنۆ، پیرانشار، مەریوان، کرماشان، و مەهاباد و چەندین شار و شارۆچکەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو نارەزایەتییەک بەرامبەر بە بۆردوومانکردنی بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها لەسێدارەدانی لاوانی کورد، دووکاندار و کاسبکاران مانیان گرت.

ئەم مانگرتنە سەرتاسەرییە سەرباری بوونی کەشی تەواو پۆلیسی و ئەمنیەتی و هەڕەشە و گوڕەشە و چاوسوورکردنەوەکانی ڕێژیمی داپڵۆسینەر بوو بەڵام ئیرادەی لەشکاننەهاتووی گەل بەچۆکیدا هێنان و بە کردەوە سەلماندیان کە کورد باوەڕی بە سیستمی زاڵ بە سەر ئێراندا نییە.

هەرچەند کە شەوانی ڕابردوو لە هەندێک شاری کوردستاندا ڕێژیم بەهۆی ترسی لە بەڕێوەچوونی مانگرتن کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردستانی بانگهێشت و تەنانەت دەسبەسەر کرد بەڵام خەڵک بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆیان دا و بەپیر بانگەوازی حیزبەکانیانەوە هاتن و کردەوە دژەمرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد.

# ناوندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: بە هەڵوێستێکی شیاو و یەکگرتووانە بەرەوڕووی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینەوە!

ناوندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکدا ڕوو لە خەڵکی کوردستان داوا لە گەلی کورد دەکات کە مان بگرن.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

بە هەڵوێستێکی شیاو و یەکگرتووانە بەرەوڕووی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینەوە!

ڕۆژی ۱۷ی خەرمانی ئەمساڵ(۸ی سپتامبری ۲۰۱۸) ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ لە تاوان و دڕندەیی خۆی بەرامبەر گەلی کورد. ڕاست لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا کە جەلادەکانی ئەو ڕێژیمە،۳ بەندکراوی سیاسیی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مورادی و رامین حسێن پەناهییان لە دار دا، سوپای پاسداران بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە نزیک شاری کۆیە دایە بەر هێرشی مووشەکی. لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران، ۱۳ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوو کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون. نزیکەی ٤۰ کەس لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەو هێرشە مووشەکییەوە، بریندار بوون کە بە داخەوە باروودۆخی ژمارەیەکیان ناجێگیرە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تاوانی دڕندانەی ئێعدامی ۳ لاوی ئازادیخوازی کورد، شەهیدان رامین حسێن پەناهی، زانیار و لوقمان مورادی، هەروەها هێرشی مووشەکی و کۆمەڵکوژانەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حدک بە توندی مەحکووم دەکا. ئێمە وێڕای هاوخەمیی قووڵمان لە گەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی شەهیدەکان، چاکبوونەوەی هەرچی زووتری برینداره‌کانی ئەو هێرشە دڕندانەیە بە ئاوات دەخوازین.




تیرۆر، دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان، بەردەوام و لە زیادبووندا دەبێ و ناوەندی هاوکاریی بە ئەرکی خۆی زانیوە پێش ڕوودانی ئەم کارەساتانە لە ڕێکەوتی ۲۷ جوولای بە نووسینی نامەیەکی سەرئاوەڵا هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ ئاگادار بکاتەوە.

ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیان بە هەڵوێستێکی شیاو وەڵامێکی ددانشکێن بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە نەبنەوە.

ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە سەرنجدان بەو ڕاستییە، داوا لە خەڵکی خۆڕاگر و بە هەڵوێستی کوردستان دەکەین ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو، ۱۹ی خەرمانان بە مانگرتنی گشتی، بێزاریی خۆیان لە نوێترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕابگەیەنن. جارێکی دیکە بە نەهاتنەدەر لە ماڵەکانتان، چۆڵکردنی شەقامەکان و داخستنی دوکان و بازاڕ، نمایشێکی پڕ شکۆ لە بێزاربوون و "نا" گوتنی خۆتان بەو ڕێژیمە خوێنڕێژ و دژە کوردە، نیشان بدەنەوە. لە هەموو چالاکێکی ئازادیخوازی کورد لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش، داوا و چاوەڕوانیمان ئەوەیە بە هەموو توانای خۆیانەوە پشتی ئەم بانگەوازە بگرن و هەوڵی سەرخستنی بدەن.

ڕسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆر و سەرکوت و تاوان، کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرکەوێ ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە:

- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- حیزبی دێموکراتی کوردستان

۱۸ی خەرمانانی ۱۳۹۷

# دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات سپاسنامەیەکی ڕوو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بڵاو کردەوە

لە دووتوێی سپاسنامەیەکدا دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزبی دێموکرات ڕوو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، ڕایگەیاند کە ئێوە داینەمۆی ڕاسانی شارن.

دەقی سپاسنامەکە بەم چەشنەیە:

سپاسنامە و ڕێزلێنانی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات

ڕۆژانی حەماسەی پشتیوانیی جەماوەری، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوی وڵات، لەو ڕۆژە پڕشنگدارانەن کە ئێوەی تێکۆشەر، لێبڕاوانە بوونە هەوێنی ڕاسانی کۆمەڵانی خەڵک و سەرکەوتن و سەرفرازییەکی ترتان لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانتاندا تۆمارکرد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی ٢١ی خەرمانان لەو ڕۆژە گەشانەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە ڕۆڵە خەباتکارەکانیان بە گەردەلوولی بێدەنگی لە حکوومەتی داگیرکەری ماف و ئازادییەکانیان ڕاسان.

ئێوەی تێکۆشەر لە کوردستان و بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی جیهان، بوونە پێشەنگی ئەم ڕاسانە جەماوەرییە. شانازیتان پێوە دەکەین کە لە خۆرهەڵاتی نیشتمان، لە قەسر و سەرپێڵ و کرماشان، لە ڕوانسەر و جوانڕۆ ولە پاوەی هەورامان، لە سنە و کامیاران، بانە و مەریوان و سەقز و بۆکان تا مەهاباد و خانێ و شنۆ و نەغەدە و لاجان، لە شار و دێ لە دزەی مەرگەوەڕ و سیاوەشانی ورمێ، نەخشی بەرچاو و کاریگەرتان گێڕا. دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵ و تێکۆشانتان بەرز دەنرخێنێ و ڕێز لە ماندوویی نەناسی و ئیرادە و تواناتان دەگرێ.

ئێوە سەرەڕای بوونتان بە داینەمۆی ڕاسانی شار، لە گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی شەقامیش دا، تریبوونی ئەم بەرەنگارییە شکۆدارە بوون و دەمامکی درۆتان لە ڕوخساری دزێوی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان داماڵی و لمبۆزی هێزی بێزراوی تارانتان لە خاک و خۆڵی نیشتمان وەردا.

سەرکەوتنتان سەرکەوتنی حیزب و گەلە
بڕووخێ کۆماری ئیسلامی ئێران
بژی ڕاسان
دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٣ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی

# ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو



بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەروەها مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییە، ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی دووشەممە، ١٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، بەبەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتییە سیاسی و ئاکادێمیسیەنەکانی کوردستان ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هاوکات مەحکووم کردنی ئەو جینایەتە سامناکەی کۆماری ئیسلامی لە شاری کۆیەی باشوری کوردستان بەڕێوە چوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا کە لە هۆڵی ئەتاسایی شاری کۆیە بەڕێوە چوو، حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدار بوون و هاوخەمیی خۆیان بە بۆنەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بە ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند و پێشێلکردنی سەروەرییەکانی هەرێمی کوردستانیان لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە مەحکووم کرد.

ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانان ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی لە کردەوەیەکی قێزەوندا بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتیان لە شارۆچکەی کۆیە، لە باشووری کوردستان کردە ئامانج کە بەهۆیەوە چەندین تێکۆشەری کوردستانی ڕۆژهەڵات و دوو پێشمەرگەی حیزب شەهید و کۆمەڵێکی بەرچاویش بریندار بوون.

ئەم تاوانە لەبیرنەکراوەی ڕێژیم کاردانەوەی گەلی کورد لە هەر بەشی کوردستانی لێکەوتەوە و جیا لە حیزبە سیاسییەکان، خەڵکی مافویستی کوردستانیش لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەم هاوخەمی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان و قوربانییانی ئەم کارەساتە دەربڕی و هەم سیاسەتە شۆڤێنیستییەکانی تارانیان مەحکووم کرد.

# سپاس و پێزانینی حیزبی دێموکرات لە ئاکادیمیسیەن و ڕووناکبیرانی کورد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نامەیەکدا سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە ئاکادیمیسیەن و ڕووناکبیرانی کورد کرد.

دەقی نامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێزان و سەروەران، ئاکادیمیسیەن و ڕووناکبیرانی کورد

سڵاوێکی گەرم!

نامەکەتان کە بە ناوی ٢٧ کەس لە ئاکادیمیسیەن، ڕۆژمانەوان، نووسەر، چالاکوانی مەدەنی و ... نێردرابوو، بەدەستمان گەیشت. ئێمەش بە بۆنەی کارەساتی دڵتەزێنی ١٧ی خەرمانان سەرەخۆشی لە ئێوە و هەموو گەلی کورد دەکەین.

ناوەڕۆکی نامەکە ئاماژە بوو بە هاودەردی لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی ١٧ی خەرمانان کە بە پیلانی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو ڕۆژەدا شەهید و بریندار بوون، و هەروەها نیشاندانی هێندێک ڕێکار بوو بۆ یەکڕیزکردنی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات لەم هەلومەرجەدا کە ڕێژیم هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان توندتر و تیژتر کردووەتەوە، بۆ ئەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا کە چاوەڕوان دەکرێ بە یەکدەنگی بەرەنگاری هەرچەشنە کۆسپێک بێتەوە کە لە ڕێگای دەسکەوتەکانی سیاسی کورددا سەر هەڵ دەدەن.

ئێمە ئەو نامەیە بە نیشانەی دڵسۆزی و هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر گەلی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی لە کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەزانین و بە بایەخەوە سەیری دەکەین.

وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە چەند ساڵی ڕابردووشدا دەوری بەرچاومان گێڕاوە لە لێکنزیککردنەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردی ئێران، وەک ئاگادارن چەند ساڵ لەوەپێش لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هاوپەیمانییەکمان پێک هێنا کە هەتا ئێستاش بەردەوامە و لە یەکساڵی دواییشدا" ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" پێک هات، کە هەنگاوێکی بەرچاو بوو لە هاوکاری ئەو هێزانە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و، وەک ئێوەش بە دروستی ئاماژەتان پێکردووە (قبوولکردنی جیاوازییەکان) هەتا ئەو ئاستەی کە نەبنە کۆسپی سەر ڕێگای پێکەوە کارکردن.

لەوە بەدواش ئێمە بە ئامانجی پتەوترکردنی هاوکاری و هاوخەباتی و کۆدەنگیی نەتەوەیی و نیشتمانیی هێزە سیاسییەکان هەنگاو دەنێین.

داواکارین ئێوەش بە گوێرەی توانا و دەرفەتەکانتان هاوکارمان بن و لەوە بەدواش لە بۆچوونەکانی خۆتان بێبەشمان مەکەن. سوپاس و سڵاوی دووبارە

# پەیامی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ تەشکیلاتی نهێنی

لە ڕۆژانی پاش تاوانکارییەکەی ڕێژیم لە ١٧ی خەرمانانندا ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخواز و دژە ڕێژیمی کوردستان بە ڕێگای جۆراوجۆر پەیامی هاوخەمییان ئاراستەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات کرد کە بەم بۆنەوە دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەهەمبەر ناردنی پەیامی هاوخەمی و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان، لە لایەن تەشکیلاتی نهێنییەوە پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە:

لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخستنی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە زۆربەی هەرە زۆری شار و شارۆچکە و گوندەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانەوە، پەیامی هاودەردی و سەرەخۆشی و پە یمان و بەڵێنی بە ڕێبازی شەهیدان گەیشتووەتە دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات.

بەم هۆیەوە سپاس و پێزانینی حیزبەکەمان بۆ سەرجەم هاوڕێیانمان دەردەبڕین و بەڵێن تازە دەکەینەوە کە ڕێگایان هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانیان درێژەی هەیە.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان
بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران
دەزگای ڕێکخستنی گشتی

# حیزبی دێموکرات لە سەر درێژەپێدان بە ڕاسان جەختی کردەوە

کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی پێهات و ڕاگەیەندراوێک لەو بارەیەوە بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

بۆ ئاگاداری هەموو لایەک ڕادەگەیەنین کە کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٣ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەستەی کارگێڕیی حیزب پێکهات.

کۆبونەوەکە بە چەند ساتێک بێدەنگی و بەپێوە وەستان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات و شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی مووشەکبارانی بنکە و بارگاکانی حیزبی دێموکرات و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر لێپرسراوی گشتیی حیزب "مستەفا هیجری" وێڕای بەخێرهاتنی بەشدارانی کۆبوونەوەکە باسێکی سیاسی لە سەر دۆخی ئیران و کوردستان و کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو قەیرانە جۆراجۆرانەی کە لەگەڵی بەرەوڕوو بووەتەوە پێشکەش بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد.

ئەو باس و بابەتانە بە وردی و بە واقیعبینییەوە کەوتنە بەر ڕاوبۆچوونی بەشدارانی کۆبوونەوەکە و بە سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لایەنی جۆراجۆری مەسەلەکانیان تاوتوێ کرد.

لە ئاکامدا کۆمەڵێک هەڵویست و بڕیار و ڕاسپاردەی لێکەوتەوە کە ڕێبەریی حیزبی ئەرکدار کرد بۆ ڕاپەڕاندن و بەئەنجام گەیاندنیان. لەو چوارچێوەیەدا کۆبوونەوەکە جەختی لە سەر درێژە و پەرەپێدانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە بوار و ڕەهەندە جۆراجۆرکانی داگرتەوە و لەوبارەوە سپاس و پێزانینی بەشدارانی کۆبوونەوەکەی ئاراستەی هەموو ئەو تێکۆشەرانە و خەڵکی کوردستان کرد کە لەو پرۆسە گرینگەدا ئەرکی سیاسی و نیشتمانیی خۆیان بەئەنجام گەیاندووە.

کۆبوونەوەی هاوبەشی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕیی حیزب ئاوڕی لە ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی حیزب بەپێی قەوارەی نوێ حیزب دایەوە و ڕێوشوێنی پێویستی بۆ بەکردەوەکردنی بۆ بەرپرسان و ئۆرگانە پێوەندیدارەکان دیاری کرد.

کۆبوونەوەکە بەگرینگییەکی تەواوەوە وردەکارییەکانی مووشەکبارانی بنکە و بارگاکانی حیزبی دێموکراتی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تاوتوێ کرد و ئەو جۆرە کردەوانەی ڕێژیمی بە نیشانەی ترسی تەواوی ڕێژیم لە بزووتنەوەی کوردستان و شوێندانەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕەوتی ئەو بزووتنەوەیەدا زانی و لەو بروایە دابوو کە سەرەڕای شەهیدبوونی پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات کە جێگای داخ و کەسەری هەموو لایەک بوو ئیرادەی تێکۆشەرانی حیزبی بۆ خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەهێزتر و بە گوڕوتینتر کرد. لە هەمانکاتدا سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی هاوسەنگەران و بنەماڵەکان و هەڤاڵان بە گشتی جەماوەری خەڵکی کوردستان کرد و دڵنیاییدا کە خوێن و خەباتی ئەو شەهیدانە لە پێناو ئازادی نیشتماندا بە فیڕۆ ناچێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مووشەکبارانەدا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ژمارەیەک هێز و لایەنی دیکە بوو بە هۆی کۆدەنگییەکی گشتی لە بانگەوازیکدا بۆ خەڵکی کوردستان بە مەبەستی مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مووشەکباران کردنی بنکە و بارگاکانی حیزب و ئێعدامی کۆمەڵێک لە ڕۆڵەکانی کورد هەڵویست بگرن و لە حەرەکەتێکی تێکڕایی و هەڵمەتێکی نەتەوەییدا جارێکی دیکە ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بەجێ بێنن. بەخۆشیەوە خەڵکی خەباتگێڕ و خۆڕاگری کوردستان وێڕای هەموو هەڕەشە و فشارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران و هێزە سەرکوتکەرەکانی بە شێوەیەکی بەرین بە پێشوازی ئەم بانگەوازە هاتن و لە مانگرتنێکی بەریندا بە ڕێژیمیان نیشاندا کە وەک هەمیشە پشتیوانی بزووتنەوە ڕەواکەیانن و لەسەر دابینبوونی ماف و ئازادیەکانیان سوور و پێداگرن و وەفاداریی خۆیان بۆ شەهیدان دووپات کردەوە.

هەر بۆیە کۆبوونەوەکە بەوپەڕی ئەمەگناسی و پێزانینەوە ڕوانیە ئەو هەڵویستە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەیەی خەڵکی خەباتگێڕ وخۆڕاگری کوردستان و سپاسی بێپایانی پێشکەش بەو خەڵکە وەفادار و ئەمەگناس و تێکۆشەرە کرد.

لەو پێوەندییەدا کۆبوونەوەکە بە گرینگییەکی تەواوە سەیری ئەو یەکگرتوویەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کرد و نیشانیدا کە یەکگرتوویی ئەو حیزب و لایەنانە و ئەو بەدەنگ هاتنەوەی خەڵکی کوردستان دەتوانێ وزەی نوی و گرینگ بە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ببەخشێ و لەهەمانکاتدا ئەو پەیامەش بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدا کە لە کوردستاندا خاوەنی هیچ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە و ناتوانی بە زەبری زۆر و گرتن و ئێعدام ئەو خەڵکە خۆڕاگرە چاوترسێن بکا و لە داوا ڕەواکانیان بگێڕیتەوە.

گرنیگیی ئەو یەکگرتوویی و شوێندانەرییەکانی، کۆبوونەوەی هێنا سەر ئەو باوەڕە کە لە داهاتوودا هەرچی زیاتر بۆ پەرەپیدانی ئەو هاوکاری و هاوخەباتییانە هەنگاو بنێت و زیاتر لە ڕابردووش پەرەی پێ بدا.

کۆبوونەوەکە بە سەرنجدان بە هەڵویست و ڕادەربرین و مەحکوومکردنی مووشەکبارانی بنکە و بارگاکانی حیزبی دێموکرات لە لایەن دەوڵەتان، پارلەمانتاران، حیزب و لایەنە سیاسیەکان، NGOکان، حیزب و لایەنە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان و کەسایەتی کورد، ئێرانی و بیانییەکان، سپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەموو لایەک دەربڕی کە بە ئەرکی ئینسانی و ئازادیخوازیی خۆیان هەستان.

کۆبوونەوەکە سپاس و پێزانینی تایبەتی خۆی ئاراستەی خەڵکی بەشەرەف و دڵسۆزی شاری کۆیە و بەرپرسانی حیزبی و حکوومەتی ئەو شارە خۆشەویستە کرد کە لە ڕەوتی ئەو ڕووداوەدا ئەوپەڕی هاوکاریان لە خۆیان نیشاندا و بە هانای بنەماڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە هاتن. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو هەڵویست و دڵسۆزی نیشاندانە بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت ئەو پشتیوانی و هەڵویست گرتنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کۆبوونەوەکە دڵنیا بوو کە ئەو مووشەکبارانە جگە لە ڕیسوایی و شەرمەزاری هیچی دیکە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەدواوە نەبوو، بەتایبەت کە ئەم جۆرە حەرەکەتانەی ڕێژیم نەک لە ڕەوتی خەبات هەنگاو بە ڕۆڵەکانی کورد و تێکۆشەرانی دێموکرات شل ناکا، بەڵکوو لەبەردەوامی خەبات لە هەموو شکڵ و شێوەکانی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا شێلگیرتر پێداگرتر و بە ئیرادەتر دەکا.

**نووسینگەی دەستەی گارگێڕی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٣ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی**
**١٤ی سپتامبری ٢٠١٨ی زایینی**

## دریژەی پەیڤ

نیشتمانی کە نەتەوەیەک دەتوانێ بیگرێتەبەر تاکوو بە هەموان و وێکڕا، خەباتێکی بەجەماوەریتر بەڕێوە ببەن، ڕەچاو بکرێن و هیچیان کەمتر لەوی دیکەیان نەبن، یانی شار و شاخ پێکەوە دەسلەملانی خەباتێکی فرەڕەهەند دەبن تا گەیشتن بە لووتکەی سەرکەوتن و بونیاتنانەوەی نیشتمانێکی نوێ.

لەم دۆخەشدا دەبینین کە کۆماری ئاپارتایدی ئیسلامیی تاران، وەکوو هەمیشە لە خەڵک و مافەکانیان و قسەکانیان تێ ناگا و تەنیا دەیەوێ بە نمایشی سەربازی و کوشتار و تاوان و تیرۆر، ئەسڵی پرسەکە بسڕێتەوە. لەبەرامبەر ئەم تاکتیکەی کۆماری ئیسلامیدا، دەبینین کە وردە وردە، شاریش دەست دەداتە چەک بۆ پاراستنی خۆی. ئەگەر پێشتر خەباتی پێشمەرگانە بریتی بوو لە تیم و هێزی پێشمەرگە لە شاخ و هێزی ڕێژیم بە چەک و تەقەمەنیی پێشکەوتوو زەربەی لێ دەدا و بە مووشەک لە بنکە و بارەگاکانی دەدا، شاری چەکدار، دەبێ بە زۆنگاوێک بۆ هێزی سەرکوتکەر کە لە نێو خۆیدا دەیخنکێنێ.

چەکداربوونی شار تەنیا لە کوردستانیش نییە، هەر وەک نموونەکانی دەبینین و هاتۆتە سەر ئەرزی خۆنواندن، لە زۆربەی شوێنەکانی دیکەش سەر هەڵدەدا و گەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا بەچەک وڵامی داخوازیی خەڵک و پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان بداتەوە، داهاتووی ئێران، لە زۆر نیزیکدا شاری سەرتاپا چەکدار دەبێ کە لە نێو شەقامەکانی شاردا سەنگەر لێ دەدرێ.

# مستەفا هیجری: قۆناغێکی نوێ لە خەبات دژی ڕێژیمی تاران دەست پێ دەکرێت

"مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا ڕوو بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوی کردەوە کە ئێمە قۆناغێکی نوێ لە خەبات دژی ڕێژیمی تاران دەگرینە بەر.

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکرات و لە سێدارەدانی سێ لاوی کورد لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج و دواتریش مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان، لە پەیامێکدا جەختی کردەوە کە لە سەر ڕێگا و ڕێبازی خۆمان هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانمان بەردەوام دەبین.

ناوبراو لە پەیامەکەیدا باسی لەوە کردووە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ تەکمیل کردنی زۆرداری و ئیستبدادی خۆی بەسەر گەلی کوردی ئازادیخوازدا، بە تەفسیری خۆی لە ئیسلامیش کەڵکی وەرگرتووە، تا شەرعییەت بە هەموو کردەوە دڕندانەکانی خۆی لە دژی نەتەوەکەمان ببەخشێت.

هیجری لەو پەیامەیدا باسی لەوە کردووە ڕەنگە لە ئێستادا دەسەڵاتدارانی ڕێژیم شاییان لە دڵدا بگەڕێ کە بە خیالی خۆیان بەو مووشەکبارانە خەباتی کوردیان بە چۆکدا هێناوە و پشتی خەباتکارانی کوردیان لەرزاندووە، بەڵام کۆماری ئیسلامی دەبێ بزانێ کە دەسەڵاتدارانی پێش لەوانیش نزیک لە سەد ساڵی ڕابردوودا دژی کوردستان بە دڕندانەترین شێوە هێرشیان کردووەتەوە سەر نەتەوەی کورد، کەچی نەک هەر نەیانتوانیوە بێدەنگی بەسەر کوردستاندا زاڵ بکەن، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر خەباتی کورد پەرەی گرتووە .

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە پەیامەکەیدا جەختی کردووەتەوە؛ ئێمە لێبڕاوین دەست لە دەستی هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکان، لاوانی مافخواز و هەموو چین و توێژەکانی کوردستان، قۆناغێکی نوێی لە خەبات دژی ڕێژیمی تاران بگرینە بەر و تا بە چنگهێنانی مافە زەوتکراوەکانمان نەوەستین. بێگومان سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و ڕێژیمیش بەرەو نەمانە.

"مستەفا هیجری" لەو پەیامەدا سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە تێکڕای حیزب، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان، تێکۆشەران و ئازادیخوازانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کرد کە بە هەموو شێوەیەک هاوخەمی و پشتیوانیان لێ کردوون و لەگەڵیان بوونە.

ناوبراو لە کۆتاییدا جەختی کردەوە کە ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە پەیمان نوێ دەکەینەوە کە وەک دەیان ساڵی رابردوو هەر ئەو دەنگە بەرزەی ئێوە دەبین کە کوشتن، ئیعدام و بۆمبارانەکانی تاران بەهێزتریان کردووین. بێگومان سەرچاوەی ئەو هێزەش هەر ئێوەن، هەموومان پێکەوە زۆر بەهێزین، هێزێک کە پشتی دوژمن دەلەرزێنێ و بەچۆکیدا دێنێ.

**دەقی پەیامی بەڕێز هیجری لەم ژمارەی کوردستاندا دەخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست**

# شاندێکی لێژنەی ئاسایشی پارلەمانی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد

شاندێکی لێژنەی ناوخۆی ئاسایشی پارلەمانی کوردستان سەردانی بنکەی دەستەی کارگێریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی لێژنەی ناوخۆی ئاسایشی پارلەمانی کوردستان بە سەرپەرەستیی "ئەیووب عەبدوڵڵا" سەرۆکی لێژنەی ئاسایشی پارلەمانی کوردستان، سەردانی بنکەی دەستەی کارگێریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

شاندی لێژنەی ناوخۆی ئاسایشی پارلەمانی کوردستان لە لایەن "مستەفا هیجری" لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات و شاندی یاوەری پێشوازیان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا لێژنەی ئاسایشی پارلەمان وێڕای پرسە و سەرخۆشی خۆیان بۆ شەهیدبوونی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب پێداگریان لە سەر ئەوە کردەوە کە نابێت هیچ وڵاتێک سەروەریی هەرێمی کوردستان لە مەترسی بخات.

هەروەها شاندی حیزب سپاسی هاوخەمی و هاوسۆزیی پارلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوەکانی هەرێمی و خەڵکی باشووری کوردستانیان کرد.

# هەیئەتێکی زانکۆی نۆڵج سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد



هەیئەتێکی زانکۆی "نۆڵج" سەردانی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتیان کرد و کۆمەڵێک هاوکاریی مرۆڤدۆستانەیان پێشکەش بە بنەماڵە زیانوێکەوتووەکانی حیزبی دێموکرات کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی هەیئەتێکی زانکۆی "نۆڵج" بە سەرپەرەستی بەڕێز دوکتور هیمداد، سەردانی بنکەی سەرەکی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد کە لەلایەن بەڕێز کاک مستەفا هیجری لێپرساوی گشتیی حیزبەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

پاش دەربڕینی بەداخ بوونی خۆیان لە کردەوە شەرمێونانەکەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە حیزبی دێموکرات لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانان، لەلایەن زانکۆکەیانەوە کۆمەڵێک یارمەتی و هاوکاری ئینساندۆستانەیان پێشکەش بە بنەماڵەکانی حیزبی دیموکرات کرد کە لە ئەنجامی مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان تووشی خەسار و زیان ببوون.

## پێشمەرگەی شار لە ئامێزی بانەدا بوون



فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاند، پێشمەرگەکانی شار لە بانە کۆبوونەوەیان بۆ خەڵک گرتووە و بە سەرکەوتوویی ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاندووە.

بەپێی هەواڵی گەیشتوولە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی شار بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵک لە ناوچەی بانە گەشتێکیان لەو دەڤەرە بەڕێوە برد کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی ئەو ناوچە بەرەوڕوو بوون.

دەڤەری شۆڕشگێڕی بانە هەردەم مەکۆی پێشمەرگەی کوردستان بووە و هاوکاری و پێشوازیی خەڵکی ناوچەکانی بانە جێگای ڕێز و پێزانینە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە خەڵکی ناوچەکانی بانە دەکات و هێواداره لە هاوکاری و پێشوازیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام بن.

# ٢٦مین ساڵیادی شەهیدانی میکۆنۆس بەرز ڕاگیرا



بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب و کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و دڵسۆزانی حیزب، ڕێوڕەسمی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی میکۆنۆس بەڕێوە چوو.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە کەمپی جێژنیکانی حیزبی دێموکرات ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە ٢٦مین ساڵیادی تێرۆری ناجوامێرانەی شەهیدانی میکۆنۆس بەرێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر بەڕێز د. میرۆ عەلیار جێگری ناوەندی سیاسی حیزب بەم بۆنەوە چەد وتەیەکی پێشکەش کرد؛ ناوبراو لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە "قسەی تێدا نییە، بە تێروری د. شەرەفکەندی، دوژمن برینێکی بەژان و کەلێنێکی قووڵی خستە جەستەی حیزبی دێموکرات و زەبرێکی قورسی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەشاند، بەڵام خەونەکەی وەدی نەهات و بە ئاوات نەگەیشت. ئەوڕۆ ٢٦ ساڵ دوای تێروری بێرلین، ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازانەمان هەروا دەشەکێتەوە و ڕۆڵەکانی شەرەفکەندی حەماسە دەخوڵقێنن".

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەڕێز عەلیار پڕژایە سەر ئەو قەیرانانەی کە ئەمڕۆکە کۆماری ئیسلامی لەگەڵیدا بەرەوڕووە و ڕایگەیاند: " کۆماری ئیسلامی ئەوڕۆ لەگەڵ گەورەترین و پڕمەترسیترین قەیرانی مێژووی خۆی لە ژوورەوە و دەرەوە بەرەوڕوو بۆتەوە" کە بەم شێوەیە پۆلێنبەندی کردبوو: ١. قەیرانی سیاسی و قەیرانی حاکمییەت، ٢. قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ٣. قەیران لە سیاسەتی دەرەوەدا.

سەبارەت بە دواپێشهات و ڕووداوەکان و ئەو بەرنامانەی کە کورد دەبێ بیگرێتە بەر وتی: " بۆ ئەوەی بەسەر ئاڵوگۆڕەکاندا نەکەوین یان ئاڵوگۆڕەکان بەسەرماندا نەڕووخێن، کورد دەبێ ئامادە بێ و خۆی ڕێک بخا کە بتوانین خێرا و لەکاتی خۆیدا هەلەکان بقۆزینەوە، لە دەرفەتەکان بە قازانجی میللەتەکەمان کەڵک وەرگرین و پیلان و هەڕەشەکانی نەیاران پووچەڵ کەینەوە. حیزبە کوردستانییەکان کەوتوونەتە بەر تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی، دەبێ بەرپرسانە و سیاسیانە هەنگاو هەڵگرن"؛ وتیشی: " یەکیەتی و یەکهەڵوێستی حیزبەکانمان نەک هەر بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی حەیاتییە، بەڵکوو مەوقعییەت و پێگەی کورد بەرامبەر بە ئۆپۆزسیونی ناوەندی و لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا بەهێز دەکا".

پاش وتەکانی بەڕێز میرۆ عەلیار، پەخشانەشێعریک لە ژێر ناوی "تاران لەرزی" لەلایەن شاعێری پێشمەرگە مامۆستا بێبەش پێشکەش بە ئامادەبووان کرا؛ هەروەها لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا دوو مەقامی شۆڕشگێڕانە لەلایەن هونەرمەندان غوڵام فاتحی و سرێوان ئەحمەدییەوە خوێندرایەوە.

**خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە دەقی وتەکانی بەڕێز "د.میرۆ عەلیار" لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانان لەم ژمارەی کوردستاندا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.**

# کوردستان ڕێزی لە شەهیدانی خەرمانان گرت




ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی تێکۆشەر و مافویستی کوردستان لە ڕۆژانی دوای جینایەتی ١٧ی خەرمانان و لە بەرەبەری ساڵرۆژی تێرۆری ناجوامێرانەی میکۆنۆسدا لە شار و گوندەکانی کوردستان بەشێوەیەکی بەربڵاو چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

شەوی ٢١ لەسەر٢٢ی خەرمانان، پێشمەرگەکانی شار، لە شاری بۆکان بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان ٢٦هەمین ساڵیادی تێرۆرکردنی "د. سادق شەرەفکەندی" و هاوڕێیانی بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی وێنە و وتەکانی ڕێبەری شەهید د. سادق شەرەفکەندی، ڕێزیان لە ڕێبازەکەی گرت و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبەرانی شەهید و سەرجەم شەهیدانی حیزب و گەل نوێ کردەوە.

ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە، بریتین: لە مزگەوتی چواریاری نەبی و دەوروبەری دەبیرستانی کچانەی ئەلزەهرا، قوتابخانەی کچانەی گوڵبانگ، قوتابخانەی کوڕانەی سالمی ٢، بەردرگای هاتنەژوورەوەی ترمیناڵ، هاتنەژوورەوەی سی ان جی ترمیناڵ، زانکۆی پەیام نوور، بلواری زانکۆ، کۆڵانەکانی عەلیاوا و دەوری سۆنا، فەلەکەی ئازادگان تا فلستین، سەر عابربانکەکانی شار، شەقامی ٥٥، مەجبووریاوا، کۆڵانەکانی میراوا و دەوری ساپیا یەدەک و هەروەها لە گوندەکانی گوندەکانی حوسێن مامە، قەرەگۆل، سەوزی، سەرچنار و خەتایی.

لەم شوێنانەی شاری مەهاباد چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چوو: ئیستگای ئازادگان، گەڕەکی فەرهەنگیان، چوارڕێیانی جانبازان، سەنجاناوا، سەروی باخی میکائیل، ڕێگای مەهاباد پیرانشار، سەرەتای بەنداوی مەهاباد، قازیئاوا، پشتەپە، بەرەی شیلان، گەڕەکی ترانزی بەرق، ڕێگای هەمزاوا، خودی هەمزاوا، ڕێگای مەهاباد ـ سەردەشت، مەحموودکان، شەقامی سەوکی، بەری مەدرەسە و چوارڕێیانەکەی، پشت تەپە و مزگەوتی کۆنی پشتتەپە.

ئەو شوێنانەی شاری ورمێ، چالاکیی تەبلیغییان تێدا بەڕێوە چووە بریتین: ڕاژان، ڕزگە، گارانێ، ناری، سێگرکان، دووکانی ئەورەسی و ڕێگای ڕاژان دیزەج هەروەها لە ڤستیڤاڵی ترێی سەردەشتیشدا چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چووە.

لە شاری سەقز لە بەرەبەری ساڵیادی تێرۆری میکۆنۆسدا، لە گەڕەکی شاناز و شەقامی سەعدی، شەهرەکی گوڵان و ساڵحاوا، قوتابخانەی کچانەی معراج، دواناوەندی کوڕانەی سپیدە و دواناوەندی شاهید، قوتابخانەی سەرەتایی نبوت، ناوەندی بێهداشتی شەکەرڕیز و بێهداشتی مەولودی چالاکی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی حیزب و گەل نوێ کردەوە هەروەها شەوی ٢٥ی خەرمانان و بەبۆنەی ٢٦مین ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە شاری بێرلینی ئاڵمان بەشێوەیەکی بەربڵاو لە گەڕەکەکانی حەماڵاوای سەروو، عەباساوا، قەرەچیاوا، سەرچەمی وەڵی خان ،گاراجی میرەدێ، گەڕەکی شاناز، شەهرەکی گوڵان، گەڕەکی کەریماوا و پشت مزگەوتی داروسەفا و تەپەی ساڵحاوا زیاتر لە ١٠٠٠ تراکتی تایبەت بەم ڕۆژیان لە نێو ماڵەکاندا بڵاو کردووەتەوە و دیواری زۆربەی ماڵەکانیان بە پووستێری تایبەت ڕازاندەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری ورمی بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان لە شاری ورمێ لە شوێنەکانی وەک "زانکۆی پەیامی نوور، شەقامی زانکۆ لە شەهرەکی ئەندیشەی ورمێ، قوتابخانەی دانشڤەران لە شەهرەکی ئیسار، مزگەوتی ئیسار، موشاوری ئەملاکی زیباشەهر، شەقامی زیباشەهر، بەنداوی بەندی ورمێ، شەقامی دوکتور قاسملوو، شەهرەکی وەلی عەسر و کانتینێرەکانی بەسیجییەکان لە وەلی عەسر" وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٦ی خەرمانانیان بڵاو کردەوە.

هەروەها ئۆگرانی ڕێبازی دێموکرات شەوی ٢٥ی خەرمانان لە بەرامبەر پاسگای مەلاندەری گوندی کومەرەی پاوە درووشمەکانی وەک "ڕێبازی قاسملوو درێژەی هەیە" و "ڕاسان بەردەوامە"یان نووسیوەتەوە و بەم شێوازە بەڵێنی بەردەوامی هەتاسەر لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانیان دووپات کردەوە.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری نەغەدە بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی میکۆنوس چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: "شەقامی پیرانشار، فەلەکەی بەهار، شەقامی شافعیی ٢، مەیدانی سیگار و مزگەوتی "ئەمیر حوسێن" تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی "نێ"ـی هەمیشە دێموکرات بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان وێنەیەکی گەورەی دوکتوری هەمیشە زیندوو دوکتور سادق شەرەفکەندیان لە تابلۆی ئەسڵیی گوندی نێ بەرز کردووەتەوە.

ئەو تابلۆیە ببوو بە جێگای خۆشحاڵیی خەڵکی ئەو گوندە؛ هاوکات لاونی نێ بۆ چەندمین جار پیمان لەگەڵ ڕێبازی شەهیداندا نوێ کردووەتەوە و وتوویانە هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێبەرانی گەورەمان دەست لە خەبات و تێکوشان هەڵناگرین.

# مستەفا هیجری:
# قۆناغێکی نوێ لە خەبات دژی ڕێژیمی تاران دەست پێ دەکەین




پاش هێرشی جینایەتکارانەی ڕێژیمی دژەگەلی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی عیزب و وڵامی شیاو و لەجێی خۆی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڕێز "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی ڕوو لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردەوە کە لێرەدا دەقی پەیامەکەی بەڕێزیان دەخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.

هاونیشتمانیانی بەڕێز،
خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، بەرانبەر (٨ی سێپتامبری٢٠١٨) کۆماری ئیسلامی ئێران کەمپی تێکۆشەرانی دێموکراتی لە تەنیشت شاری کۆیە لە باشووری کوردستان کردە ئامانجی مووشەکەکانی و لە ئاکامدا بەداخەوە دەیان کەس لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری وڵاتەکەمان شەهید و بریندار بوون.
هەرلە بەیانی ئەو ڕۆژەدا ٣ چالاکڤانی کورد، ڕامین حسینپەناهی، زانیار و لوقمان مورادی کە ساڵانێک زیندانی کرابوون و خەڵک چاوەڕوانی ئازادکردنیان بوون، خەبەری ئیعدام کردنیان لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج، ڕاگەیەنرا. لەو ڕۆژەوە کە کورد وەک نەتەوەیەک هەستی بە مافخوراوی خۆی کردووە و بۆ ئەستاندنەوەی مافەکەی دەستی بە خەبات کردووە، ئەوە حاڵ و وەزعی بووە. مێژووی پڕ لە خوێن و قوربانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانیش بەشێکی درەوشاوەیە لەو خەباتە سەراسەرییەی کورد لە دژی داگیرکاری، تەحقیر و تواندنەوە.
بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ تەکمیل کردنی زۆرداری و ئیستبدادی خۆی بەسەر گەلی کوردی ئازادیخوازدا، بە تەفسیری خۆی لە ئیسلامیش کەڵکی وەرگرتووە، تا شەرعییەت ببەخشێ بە هەموو کردەوە دڕندانەکانی خۆی لە دژی نەتەوەکەمان.
خوێندن بە زمانی دایکیمان یاساغە، کولتوور و مێژوومان چەواشە دەکەن، ژینگەمان دەشیوەێنن و تەنانەت ژینگەپارێزانی وڵاتەکەمان سەربەست نین لە پاراستنی ژینگەی خۆیان، پارێزگاکانی کوردستان بەرزترین ئاستی بێکارییان هەیە، ئەوانەی لە تاوی برسێتی ژن و منداڵیان پەنا بۆ کۆڵبەری دەبەن تا بەو کارە تاقەت پرووکێنە نانێکیان بۆ دابین بکەن، دەیانکوژن، تا ڕادەیەک خەبەری کوژرانی ڕۆژانەی کۆڵبەران لە سنوورەکان بۆتە دیاردەیەکی ڕۆژانە و خەریکە وای لێ دێ بۆ خەڵک عادی دەبی و.... .
لە بەرانبەر ئەو هەموو مافخوراوییەدا، کە داوای کار دەکەن، دەڵێن ئەوە بیری گشتی کۆمەڵگا دەشێوێنن، کە دەڵێن با منداڵەکانمان بە زمانی کوردی بخوێنن، دەڵێن ئەوانە وڵات دابەش دەکەن، کە دەڵێن لێمانگەڕێن با نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆمان کۆمەڵگاکەمان بەڕێوەبەرن، دەڵێن ئەوانە دژی شۆڕشن و، ئەو جار بەو تاوانە گەورانە دەیانخەنە زیندان، شاربەدەریان دەکەن، ئەشکەنجەیان دەکەن، بێ ئابڕوو و ئیعدامیان دەکەن، شوێنی نیشتەجێی ئەو بنەماڵانە لە وڵاتیکی دیکە دەدەنە بەر مووشەک و بۆمب کە لە دەستی ئەو زوڵم و زۆرە بێ سنوورە، نێشتمانی خۆیان بە جێهێشتووە. بەم شێوەیە دەبینین کە لە کوردستانی ئێران دەرەتانی ژیانێک بۆ کورد نەماوەتەوە، ئەوەی ئێستا بە ناوی ژیان تێپەڕی دەکا، ڕەزاڵەت و نەهامەتییە. کەوابوو دەبێ بۆ ژیانێکی ئینسانی خەبات بکەین و لە هیچ خەباتێکی ڕەوا سڵ نەکەینەوە، بێجگە لەو ڕێگایە، ڕێژیم هێچ ڕێگایەکی دیکەی بۆ نەهێشتووینەتەوە.
ئەو ڕێگایەش پڕ زەحمەت دەنوێنێ و تێچووی هەیە، بەڵام ئەگەر هەموو پێکەوە و هەرکەس لە قەدەر خۆی دەستبداتێ، ڕێگاکە کەم زەحمەتتر و تێچووی کەمتر دەبێ. ئێمە وەکوو کورد لە ڕۆژهەڵات، دەبێ بە خەباتمان ببینە هێزێکی شوێندانەری ئەوتۆ کە ڕێژیمەکانی تاران نەتوانن و نەوێرن بێباکانە ژیان و سەروەریمان لێ زەوت بکەن، بە حیسابمان نەهێنن و وردە وردە بمانتوێننەوە.
ئەوەش هەر ئەو پەیامە ئینسانییەیە کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات هەڵیگرتووە و، ئێوەش ئەو پەیامە ڕزگاریدەرەتان بەدڵ وەرگرتووە و خەریکن بەڕێوەی دەبەن، ڕێژیمیش لە کاریگەری ئەو خەباتە زراوی چووە و، لەترسان پەل داوێ بۆ هەموو شێوە سەرکوتێکی کورد، و تەنانەت بە بەرچاوی دنیاوە مووشەکبارانی کەمپی ژن و منداڵە ئاوارەکانمان لە وڵاتێکی دیکە دەکا، بەو هیوایەی دەنگی کورد و ڕۆڵە قارەمانەکانمان کپ بکا، و بێدەنگیەکی گورستانی بەسەر وڵاتەکەماندا زاڵ بکا.
ڕەنگە لە ئێستادا دەسەڵاتدارانی ڕێژیم شاییان لە دڵدا بگەڕێ کە بە خیالی خۆیان بەو مووشەکبارانە خەباتی کوردیان بە چۆکدا هێناوە و پشتی خەباتکارانی کوردیان لەرزاندووە، بەڵام کۆماری ئیسلامی دەبێ بزانێ کە دەسەڵاتدارانی پێش لەوانیش نزیک لە سەد ساڵی ڕابردوودا، بە سەدان جار کوردیان قەلاچۆ کردوە، کوردستانیان وێران کردوە، بە هەزاران لاوی تێکۆشەریان ئیعدام کردوە و لە زیندانەکانیاندا ڕزاندوویانن، داهاتی وڵاتەکەیان بە تاڵان بردوون، بەو حاڵەش نەک هەر نەیانتوانیوە بێدەنگی بەسەر کوردستاندا زاڵ بکەن، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر خەباتی کورد پەرەی گرتووە و بە دەنگێکی بەرزتر هاواری مافخوازی خۆی کردوە، بۆیە ئێستا کوردستان زیاتر لە هەموو کات بە دەنگی بەرزەوە هاوار دەکا و، تا سەرکوت بەهێزتر بێ دەنگی کوردیش بەرزتر دەبێتەوە.
ڕووی دیکەی ئەم پرسە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی خۆهەڵکێشانەکانی ڕێژیم و لایەنی پرۆپاگاندەیەکەی کە هەوڵ دەدا وەک هەموو شکستەکانی، ئەوەش بە سەرکەوتن بە خەڵک و دنیا نیشان بدا، لە گەمەی مووشەکبارانی کەمپی تێکۆشەرانی ڕۆژهەلات و، ئیعدامی لاوانی کورد لە زیندانەکان و، ئەو پرۆپاگاندە بەربڵاوەی کە بۆ ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە دەیکا، دۆڕاوی سەرەکییە، چوونکە هەمووی ئەو هەوڵانە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە کورد بەهێزە و لەم کاتەدا کە ڕێژیم لە گەمارۆی قەیرانگەلێکی زۆردا گیری خواردووە کە بۆ خۆی خولقێنەری بوون، نەک هەر هیچ ڕێگاچارەیەکی بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانانە بە دەستەوە نیە، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ قەیرانەکان زیاتر و رووخێنەرتر دەبن، هەر بۆیە خەبات و بەرهەلستکاری کورد بۆ ڕێژیم جێگای نیگەرانییە، چوونکە لە ماوەی چڵ ساڵی ڕابردوودا زۆر جاری دیکە هەر وەک ئەوجارە بە بۆمباران، زیندانی و ئیعدام کردن نەیتوانیوە بێدەنگیان بکا. بە تایبەت نیشاندانی هێز و وەرەی خەڵکی قارەمان و دڵسۆزی ڕۆژهەڵات لە بەدەنگەوەهاتنی داوای حیزبە سیاسییە خەباتکارەکان، ڕێکخراو و چالاکە مەدەنیەکانیان کە بەشێوەی مانگرتنی سەراسەری لە ڕۆژهەلاتی کوردستان حەماسەیەکی کەموێنەیان خولقاند و بە دەربڕینی بێزاری لە ڕێژیمی سێدارە ، هاوسۆزییان لەگەڵ شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە شارو و شارۆچکەکانی ڕۆژهەلات دەربری.
هەروەها ئەو پشتگیری، هاوپێوەندی و هاوخەباتییەی کە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان لە باشوور، ولاتانی ئەورووپایی، ئەمریکا و شوێنەکانی دیکە لەدەربرینی نارزایەتی و مەحکوومکردنی ئێعدامی لاوانی ڕۆژهەلات و کردەوە جینایەتکارییەکانی ١٧ی خەرمانان، ئەو هێز و دەنگە وەک وڵامێکی ڕوون و سەربەرزانەیە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە کورد بێدەنگ نابێ و لە خەبات ڕاناوەستێ. لێرەدایە کە خەباتی شاخ و شار لێک گرێ دەدرێ.
ئافەرین و دەسخۆش گەلی سەربەرزی کوردستانی ئێران، دەنگتان بەرزتر و وەرەتان پۆڵایین بێ.
ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە پەیمان نوێ دەکەینەوە کە وەک دەیان ساڵی ڕابردوو هەر ئەو دەنگە بەرزەی ئێوە دەبین کە کۆشتن، ئیعدام و بۆمبارانەکانی تاران بەهێزتریان کردووین. بێگومان سەرچاوەی ئەو هێزەش هەر ئێوەن، هەموومان پێکەوە زۆر بەهێزین، هێزێک کە پشتی دوژمن دەلەرزێنێ و بەچۆکیدا دێنێ.
ئێمە لێبڕاوین دەست لە دەستی هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکان، لاوانی مافخواز و هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی خۆشەویستمان، کە باوەڕیان بە ڕزگاری وڵات و نەتەوەکەیان هەیە و، لەپێناو ئەو ڕزگارییەدا هەنگاو دەنێن، قۆناخێکی نوێی لە خەبات دژی ڕێژیمی تاران بگرینە بەر و تا بە چنگهێنانی مافە زەوتکراوەکانمان نەوەستین. بێگومان سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و ڕێژیمیش بەرەو نەمانە.

لە کۆتاییدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە ئازیزەکانیان و گەلی کورد بەگشتی دەکەم.
هەروەها لەو دەرفەتە کەڵک وەردەگرم کە سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکەش بە تێکرای حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان، تێکۆشەران و ئازادیخوازانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بکەم کە بە هەموو شێوەیەک هاوخەمی و پشتیوانیان لەگەڵ کردووین و لەگەڵمان بوون.

# دەقی وتەکانی بەڕێز د. میرۆ عەلیار لە ڕێورەسمی ساڵیادی شەهیدانی میکۆنوس




میوانە بەڕێزەکان،
هاوڕێیانی تێکۆشەر،
ئەوکاتەتان باش!

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ی زایینی وەک ڕۆژێکی تاڵ و جینایەتێکی سامناک چۆتە نێو مێژووی خوێناویی خەباتی نەتەوەکەمانەوە.

٢٦ ساڵ لەمەوبەر، د.سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبەکەمان و سێ هاوڕێی، کاک فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و هەروەها کاک نوری دێهکۆردی چالاکی سیاسی و دۆستی حیزبی دێموکرات، لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس لە بێرلین بوونە قوربانیی تێروریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و شەهید کران.

ئەورۆ لێرە کۆ بووینەتەوە کە ڕێز بگرین لە بیرەوەری ئەو ڕێبەرە بەبڕشت و هەڵکەوتووە و هاوڕێکانی و خەبات و فیداکارییان وەبیر بێنینەوە.

هەموو ساڵێ و لەهەر دەرفەتێکدا پێویستە بێزاری خۆمان لە تێروریزم بەگشتی و لەو تاوانە قورسانەی ڕێژیمی ئێران دژ بە کورد ئەنجامی داون، دەرببڕین. بۆ مرۆڤی خەباتگێڕ و گەلی ڕزگاریخواز گرنگە نە هاوڕێ بەنرخەکانی لەبیر بکا و نە تاوانەکانی دوژمنی.

لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەگەرمی میوانە بەڕێزەکان بەخێرهاتن دەکەم و سوپاس بۆ ئەوان و بۆ ئێوە هاوڕێیانی بەڕێز کە تەشریفتان هێناوە و لەو ڕێورەسمەدا بەشداریتان کردووە.

دەزانن، دوای ئەوەی مرۆڤکوژانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی (١٣٦٨ی هەتاوی) لە ڤییەن ڕێبەری مەزن د.عەبدولڕەحمان قاسملوویان تێرۆر کرد، د.سادق شەرەفکەندی کە لەنێو خۆماندا بە د.سەعید ناسرابوو، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی گرتە دەستە ئەمین و بەتواناکەی خۆی و نەیهێشت ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازی حیزبەکەمان بۆ ساتێک بکەوێتە سەر عەرز و بەو جۆرە دوژمنی خوێنمژی تووڕە و هەناسەسارد و تەمابڕاو کرد.

بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی ڕێژیم، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر باری قورس و گرانی لەدەستچوونی قاسملووی نەمر پشتی نەچەمایەوە و بەڕێبەرایەتی د.سادقی لێهاتوو درێژەی بە خەبات و ڕێبازیی نەتەوەیی خۆی دا.

دوژمنی داماو کاتێک دیتی پیلانەکەی سەری نەگرتووە و ئاواتەکەی نەهاتۆتە دی، بڕیاری لەنێوبردنی د.شەرەفکەندی دا و کەوتە داڕشتنی پیلانی تێرورکردنی. قسەی تێدا نییە، بە تێروری د.شەرەفکەندی دوژمن برینێکی بەژان و کەلێنێکی قووڵی خستە جەستەی حیزبی دێموکرات و زەبرێکی قورسی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەشاند، بەڵام خەونەکەی وەدی نەهات و بە ئاوات نەگەیشت. ئەورۆ ٢٦ ساڵ دوای تێروری بێرلین، ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازانەمان هەروا دەشەکێتەوە و ڕۆڵەکانی شەرەفکەندی حەماسە دەخوڵقێنن.

بە تێروری میکۆنۆس کۆماری ئیسلامی پەردەی لەڕووی نیزامەکەی هەڵدایەوە و ماهییەتی دژبەکوردبوونی خۆی زیاتر بە نەتەوەی کورد ناساند و بەتایبەتی لاوەکانی وشیارتر کردەوە، هەستی نەتەوایەتی و بیری ڕزگاریخوازیی تێدا بەهێزتر کردن و متمانەی کورد بە حکوومەتی ئیسلامی ئێرانی نایە ژێر خاک.

لە ئاستی نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتیدا، حوکمی دادگای بێرلین کە بەدادگای "میکۆنۆس" ناوبانگی دەرکرد و لە ڕێکەوتی ١٠ی ئاپریلی ١٩٩٧ی زایینی (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦) ڕاگەیەندرا، تێروریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێرانی لەقاو دا، ڕاشکاوانە ڕێبەرانی ڕێژیمی لە بەرزترین ئاستی حکوومەتیدا وەک پلاندارێژ و بەڕێوەبەری تێروریزم بە دنیا ناساند. لە حوکمی دادگای میکۆنۆسەوە هەتا ئێستاش مۆری تێروریزم بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە نووساوە و لێی نابێتەوە.

بەڕێزان!

دوکتور سادقی شەرەفکەندی ڕێبەرێکی سیاسی بوو و لە پێناو بیروباوەڕ و ئامانجێکی سیاسیدا سەری دانا، بۆیە جێی خۆیەتی لە ساڵوەگەڕی تێرۆرەکەیدا ئاوڕێک لە وەزعی ئێستای کۆماری ئیسلامی بدەینەوە کە بەهیوای خنکاندنی دەنگی ئازادیخوازی و نەهێشتنی هەستی خەبات و خۆڕاگری کوردی ڕۆژهەڵات، کاک سادقی تێرور کرد.

کۆماری ئیسلامی ئەورۆ لەگەڵ گەورەترین و پڕمەترسیترین قەیرانی مێژووی خۆی لە ژوورەوە و لە دەرەوە بەرەوڕوو بۆتەوە.

قەیرانی ئەورۆ هەموو لایەنەکانی سیستمەکەی گرتۆتەوە:

١. قەیرانی سیاسی و قەیرانی حاکمییەت: کێشەکانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە سەرەتادا خۆیان لە بێبەرنامەیی، کێشەی مودیرییەت، دزی و گەندەڵی بێسنووری حاکمییەتدا دەبیندران، بەرەبەرە لەدەستدانی ڕەوایی حکوومەتی لێکەوتەوە. ئێستا لەو قۆناخەش تێپەڕیوە و ڕێژیم تووشی قەیرانی حاکمییەت هاتووە.

قەیرانی سەروەری (حاکمییەت)، بەو مانایە کە درزێکی قووڵ کەوتۆتە نێوان خەڵک و حکوومەتەوە کە ڕێژیم توانای پڕکردنەوەی نییە. ئیدئۆلۆژی، بنەما هزرییەکان و ئۆتۆریتەی سیاسی حکوومەت کاڵ بۆتەوە و توانای قانع کردن و وەجووڵەخستنی کۆمەڵگای بۆ ئامانجەکانی حکوومەتی نەماوە. وەک دەڵێن، حکوومەت دەسەڵاتی سیاسی خۆی بەسەر خەڵکەوە دۆڕاندووە و بۆ هێمن کردنەوە یان وڵامدانەوە بە داخوازەکانی خەڵک تەنیا دوو شتی پێماوە: درۆ و بەڵێنی غەیرەعەمەلی و پەنابردن بۆ توندوتیژی و سەرکوت.

لە ئاکامی ئەو قەیرانە هەمەلایەنەدا، شێواوی و یەکترلەقاودان و دووبەرەکی نێوخۆی حاکمییەت بەردەوام قووڵتر و ئاشکراتر دەبێتەوە.

٢. قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی: لە ئاکامی شپرزەیی ئابووری و دابەزینی بەردەوامی دراوی وڵات، گرانی ڕۆژبەڕۆژ و جاروبار تەنانەت کاتژمێر بە کاتژمێر، بێکاری و هەژاری بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پەرەی ئەستاندووە.

"کۆڕەوی" کۆمپانیا و سەرمایەگوزارانی بیانی لە ئێران، ئابووریی شپرزەی وڵاتی گەیاندۆتە لێواری داڕمانی یەکجاری. ڕێبەرانی ڕێژیم هەرکەسە لە بیری تاڵانی وڵات و بردنە دەرەوەی سامانی خۆیەتی.

گرانی و بێکاری و هەژاری لەلایەک و داماوی ڕێژیم لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی خەڵک لەلایەکی دیکەوە، کۆمەڵگای ئێرانی تووشی قەیرانی کەمڕێنەی کۆمەڵایەتی کردووە.

٣. قەیران لە سیاسەتی دەرەوەدا: لە سیاسەتی دەرەوەدا ڕێژیم بەهۆی هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان، پێداگریی لەسەر درێژەدان بە بەرنامەی مووشەکی بالستیکی، ڕەچاوکردنی سیاسەتی دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە و ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی ناوچە، تەواو تەریک کەوتۆتەوە. بە قسەی "آیت الله محمدتقی مصباح یزدی" لە ڕۆژی ١٤ی خەرمانان "کۆماری ئیسلامی لە دنیادا بە ڕادەی قامکەکانی دەستیش دۆستی نییە". ئەزقەزا یەکێک لەو هۆکارانەی کە ڕێژیم کەوتۆتە بەر گەمارۆ و سزا نێونەتەوەییەکان، تێرۆریزم و پشتیوانیی بەئاشکرا لە تێرۆریزمە.

بە هەموو پێوەرە سەلماوەکان، کۆماری ئیسلامی لەباری سیاسی، ئیدئۆلۆژی، ئابووری و ئەخلاقییەوە ڕێژیمێکی وەرشکستەیە.

لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا، دەزانن کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دژ بە کورد لە هەموو ئەبعادی خۆیدا بە توندی بەردەوامە. دوانموونەی ئەو سیاسەتە ڕووداوی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ بوو کە ڕێژیم سەرەتا سێ لاوی کوردی ئێعدام کرد و پاشان بنکەکانی خەباتگێڕانی دێموکرات لە کۆیەی مووشەکباران کرد کە بوو بەهۆی شەهیدبوونی ١٥ کەس و بریندارکردنی دەوری ٤٠ کەس. کۆماری ئیسلامی بەو کارەی جینایەتێکی دیکەی دژ بە کورد خوڵقاند. دوو ڕۆژ دوایە لاوێکی دیکە بەنێوی کەماڵ ئەحمەدینژادی ئێعدام کرد.

ئەو هێرشە بەمەبەستی ناچارکردنی حیزبەکان بە ڕاگرتنی خەبات بەڕێوەچوو. سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پێوەندییەدا ڕوونە: ڕاگرتنی خەبات و تێکۆشان بۆ ئێمە جێگای باس و پرسیار نییە.

سێ ساڵە حیزبەکەمان خەباتێکی نوێی دەستپێکردووە و لە داهاتووشدا، بەهەر شێوەیەکی بە گونجاوی بزانێ درێژە بە خەباتی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی دەدا لەپێناو دابینکردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

جینایەتی ١٧ی خەرمانان یەکەم جینایەتی کۆماری ئیسلامی بەدژی کورد نەبوو. ڕێژیم نزیک بە ٤٠ ساڵە بەهەموو شێوەیەک سیاسەتی سەرکوت و لەنێوبردنی کورد بەڕێوە دەبا و کۆڵی بە کورد نەداوە.

ئەو جینایەتانە ئێمە لەسەر خەبات بەدژی دیکتاتۆری و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانمان سوورتر و لێبڕاوتر دەکا. ژان و خەمی لەدەستدانی هاوسەنگەرەکانمان دەکەین بە وره و بە ئیرادە بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمن، دەیکەین بە هەوێنی یەکگرتوویی بۆ بەردەوامبوونی خەبات لە پێناو ڕزگاری لە بندەستیدا.

ئێمە لێبڕاوین کە هەزینەی گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادی وەخۆ گرین، ئەو جینایەتانە هەنگاومان پێ شل ناکەن. وڵامی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان (١٢ی سپتامبر) بە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و مانگرتنیان بەو بەربەرینییە، حەماسە و پەیامێکی ڕوون و قایم بوو بۆ کۆماری ئیسلامی.

مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان، بوو بەهۆی هاتنەئارای ململانێ و خۆتاقیکردنەوەیەک لەنێوان کۆماری ئیسلامی و خەڵکی کوردستان کە ڕێژیم حەسێبی بۆ نەکردبوو و چاوەڕوانی لێکەوتەکەی نەدەکرد بەڵام خەڵکی کوردستان دیسانەوە بە دنیای سەلماند کە بەپێچەوانەی ئیددیعاکانی کۆماری ئیسلامی و نەیارانی دیکە، پرسی کورد لە ئێراندا هەیە و حاشای لێناکرێ. پرسی کورد لە ئێراندا پرسی حیزبێک و دوو یان چەند حیزبی سیاسی نییە، پرسی نەتەوەیەکی زیندووە و وشیارە کە بۆ ئازادی و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی ئامادەی فیداکارییە.

وڵام و هەڵوێستی خەڵک ئەوەندە قاتع و قایم بوو کە حکوومەتی تاساند.

دوای حەماسەی٢١ی خەرمانان، ئەگەر ١٠٠٠ کەسی دیکەشمان لێ بکووژێ، ئێستا ڕێژیم دۆڕاوی ململانەکەیە.

لەو پێوەندییەدا، ڕۆژی ٢٤ی خەرمانان موحەمەد حسەین ڕەجەبی فەرماندەی سوپای پاسدارانی پارێزگایی سنە هەڕەشەی تۆڵەئەستاندنەوەی لە خەڵکی کوردستان کرد کە مانیان گرتووە و دوکان و بازاریان داخستووە! ڕاستە کە دیکتاتۆرەکان لە مێژووی ڕەشی خۆیان دەرس وەرناگرن!

ئاخر هەڕەشەی چی دەکەن! لە ماوەی ٤٠ ساڵی تەمەنی ڕێژیمەکەتاندا چ جینایەتێکتان دژ بە میللەتی کورد نەکردووە کە ئێستا هەڕەشەی کردنی دەکەن!

٤٠ ساڵە دەکوژن، دەبڕن، ڕێبەران و تێکۆشەرانمان تێرور دەکەن، لاوەکانمان لە سێدارە دەدەن، روحم بە کۆڵبەری زەحمەتکێشی کورد و ژن و منداڵی ناکەن، ٤٠ ساڵە بەهەموو تواناتانەوە هەوڵ دەدەن خەڵکی کوردستان لە حیزبە سیاسییەکان دابڕن. بە ئامانجەکانتان گەیشتوون؟!

ئاشکرایە، ڕێژیمێکی سەرکوتکەر و دژی ئینسانی وەک کۆماری ئیسلامی کە خاوەنی تانک و تۆپ و مووشەک و تەیارەیە، بۆ کوردکوشتن هیچ لەمپەرێکی ئەخلاقی و ئینسانی لەبەر خۆیدا نابینێ و دەتوانێ بکوژێ و وێران بکا بەڵام ئەوە ٤٠ ساڵە ئەو کارە دەکەن و هەنگاوێک لە ئامانجەکانتان نزیک نەبوونەوە، تەنیا شکست و سەرشۆڕی و درێژەدان بە جینایەتتان پێ ماوە.

مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان بە هیچ جۆر نیشانەی هێز و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نییە، بەپێچەوانە ئەو هێرشە دەرخەری لاوازی و داماوی و بەتایبەتی ترسی زۆری ڕێژیم لە پەرەسەندنی جووڵانەوەی کورد و تەشەنەکردنی بۆ ناوچەکانی نەتەوە بندەستەکانی دیکە، بوو.

ئەو هێرشە بۆ ترساندنی خەڵکی نارازی ئێران و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە قەیرانە نێوخۆییەکان، بەڕێوەچوو.

بەڕێزان!

دەرکەوت کە کاریگەرترین وڵام و بەژانترین تۆڵەی ئەو کارەساتە بە یەکگرتن و خەباتی هاوبەش دەدرێتەوە. ڕێژیم زیاتر لە هەموو شتێک، لە یەکیەتی و یەکهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکانی کورد دەترسێ. دەترسێ لەوەی حیزبەکان و خەڵک بە هێزی یەکگرتوویان بەرەنگاری دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

ڕەمزی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەکی بێ وڵات، لە یەکیەتی و هاوپێوەندی و یەکگرتووییدایە. داگیرکەر لە یەکهەڵوێستی گەلی چەوساوە دەترسێ.

لێرەدا پێمخۆشە لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە جارێکی دیکە سڵاو بۆ خەڵکی وشیاری کوردستان بنێرم و بڵێم پێتان سەربەرزین و شانازی دەکەین ڕۆڵەی ئێوەین.

هاوڕێیان!

کۆماری ئیسلامی بەهەر شێوەیەک بیهەوێ بەرەنگاری ئەو دۆخە پڕ لە قەیرانەی ئەورۆی بێتەوە، داهاتوویەکی ڕوونی نییە. دەبێ چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا بین، بەڵام ئاڵوگۆڕ، تەنانەت ڕووخانی ڕێژیمیش، بەشێوەی ئوتوماتیک و لەجێدا بە مانای نەمانی دیکتاتۆری و وەدیهاتنی ئازادی و مافەکانی ئێمە نییە. لە شۆڕشی پێشوو و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە.

بۆ ئەوەی بەسەر ئاڵوگۆڕەکاندا نەکەوین یان ئاڵوگۆڕەکان بەسەرماندا نەڕووخێن، کورد دەبێ ئامادە بێ و خۆی ڕێک بخا کە بتوانین خێرا و لەکاتی خۆیدا هەلەکان بقۆزینەوە، لە دەرفەتەکان بە قازانجی میللەتەکەمان کەڵک وەرگرین و پیلان و هەڕەشەکانی نەیاران پووچەڵ کەینەوە. حیزبە کوردستانییەکان کەوتوونەتە بەر تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی، دەبێ بەرپرسانە و سیاسییانە هەنگاو هەڵگرن.

ئاسۆی خەباتمان ڕوونە. بەخۆشییەوە لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئاڵوگۆڕ و جموجۆڵێکی نوێ لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات بە ڕوونی هەست پێدەکرێ.

ئەو ئاڵوگۆڕانە مزگێنی سەرهەڵدانی بیروباوەڕ و تێڕوانینێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەییان پێیە. هەست بەوە دەکرێ کە جووڵانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیی بە ستراتێژێکی نوێ هەیە.

کاکڵی ئەو تێگەیشتن و قەناعەتە نوێیە لە نێو حیزبەکاندا ئەوەیە کە بە هاوکاری و یەکگرتوویی و داڕشتنی بەرنامەیەکی سیاسی واقعبینانە دەتوانین بەسەر کەموکوڕییەکانی جووڵانەوەدا زاڵ بین و سەرکەوین.

دەبێ ئەو بڕوا و قەناعەتە بکەین بە بنەما و بناخەی ستراتێژییەکی نوێ بەرەو بووژاندنەوە و پەرەپێدانی زیاتری خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەورۆ ئەگەر دەرفەت و دەرەتانی نوێ بۆ کورد ڕەخساوە، هەڕەشەکانیش لەسەر کورد زیادیان کردووە. بەتایبەتی نیزامی مەزهەبی- ناسیۆنالیستیی کۆماری ئیسلامی، هەتا ماوە، واز لە دوژمنایەتی کورد ناهێنێ و درێژە دەدا بە سەرکوت و پیلانگێڕان بەدژی کورد و بەرژەوەندییەکانی لە هەر چوار بەشی کوردستان، بۆیە، لەپێناو کەڵکوەرگرتن لە دەرفەت و دەرەتانەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دوژمن، پێویستە ئامانجی ستراتێژی نوێی جووڵانەوە، هاوکاری و خەباتی هاوبەش و یەکگرتوویی خەڵک و حیزبەکان بێ.

سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز گرێدراوە بە یەکیەتی و بەشداریی یەکگرتوو و هاوخەباتی هێزەکانی نێو جووڵانەوە لە کەشێکی دێموکراتیکدا.

لەو پێوەندییەدا، پێکهێنانی "ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران" وەک سەرەتایەک، هەنگاوێکی بەجێ بوو بۆ ئامانجێکی بەجێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئامانجەکەی بپێکێ، پێویستە چالاکتر و بەکارتر بکرێت و بۆ ئەو مەبەستە، نهادینەکردنی زەرووریيە.

یەکیەتی و یەکهەڵوێستی حیزبەکانمان نەک هەر بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی حەیاتییە، بەڵکوو مەوقعییەت و پێگەی کورد بەرامبەر بە ئۆپۆزسیونی ناوەندی و لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا بەهێز دەکا. ئەو پرسانە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە.

بەرز و پیرۆز بێ بیرەوەری ڕێبەری لێهاتوومان د. سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کاک فەتاح عەبد ولی، کاک هومایوون ئەردەڵان و کاک نوری دێهکۆردی

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەتایبەتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان

بەردەوام بێ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی

ئێوەش ساغ و سەربەست و سەرکەوتوو بن

# دوکتور شەڕەفکەندی
# ڕێبەرێک بۆ هەموو نەسڵەکان



## کاروان

بێگومان د. شەڕەفکەندی یەکێک لە سیما هەرە ناسراوەکانی مێژووی خەباتی کورد بە گشتی و بە تایبەتیش خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا خاوەن پێگەیەکی دیار و تایبەتییە. ڕەنگە ژیانی سیاسیی ئەو، درەنگ دەستی پێ کردبێت بەڵام لە ڕاستیدا زۆر زوو گەیشتە پێگەیەک کە دەبوایە لێی ڕاوەستابا. لە فەڕانسە و لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا بوو کە بوو بە ئەندام و هۆگری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و لە تاران و لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا بوو کە یەکەم بەرپرسایەتیی حیزبی پێ ئەسپێردرا. لەو کاتەوە ئیتر ئەوە ناو و ناوبانگی بنەماڵەیی نەبوو کە ئەوی دەناساند، بەڵکوو ئەوە لێهاتوویی، ژیری و هەڵوێستەکانی خۆی بوون کە نەک مەزنایەتیان بە خۆی و بنەماڵەکەی دەبەخشییەوە بگرە مەزنایەتیان بە شۆڕشی کوردیش دەبەخشی. لەخۆڕا نییە کە تەمەنی سیاسیی ئەو، لە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتدا بۆتە بڕگەیەکی زێڕین و تەنانەت ئێمە ئەوڕۆش و دوای بیست و شەش ساڵ لە تیرۆرە ناجوامێرانەکەی وەک نمونەیەکی سەرکەوتوو و سیمبولێکی کارا لێی دەڕوانین و کەڵکی لێوەردەگرین .

دەگمەنن ئەو ڕێبەرە سیاسییانەی کە خاوەنی هەموو تایبەتمەندییە پێویستەکان بۆ ڕێبەریی حیزبێکی سیاسی و خەباتکار بن و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا دەگمەنتر، بەڵام ڕاشکاوانە دەتوانین ئیدیعا بکەین کە د.شەڕەفکەندی یەکێک لە بەرچاوترین و سەرکەوتووترینی ئەو ڕێبەرە دەگمەنانە بوو. هەموو هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی شاهیدی دەدەن کە د.شەڕەفکەندی ڕێبەرێکی کاریزما، خاوەن ئیرادە، بڕیاردەر، بوێر، زانا، مودێرن، لێهاتوو، چالاک، مودیر، ئاشنا لەگەڵ بارودۆخی جیهان و ناوچە، گەشبین، دوربین و .... بوو. تایبەتمەندیگەلێک کە توانایییەکی

بەرچاویان پێ بەخشیبوو و زۆر زوو ببوو بە کەسایەتییەکی دیار و خاوەن کاریگەری و شوێندانەر لە نێو ڕیزی هاوڕێیان و هاوسەنگەرانیدا و بەو هۆیەوە توانی بە ئاسانی پلەکان ببڕێ و ببێتە کەسی یەکەمی حیزب، کە بە حەق نیشانیشی دا کە شیاوی ئەو پێگەیەیە . زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین د.قاسملووی مەزن لە بەشێکی بەرچاو لە سەرکەوتنەکانیدا قەرزداری د.شەرەفکەندیی مودیر بووە. لێهاتوویی د.شەرەفکەندی لە مودیرییەتی حیزبیدا، هەوڵدانی بۆ لەبەرچاوگرتن و پاراستنی پڕەنسیپە حیزبییەکان لە لایەن ئەندامانی ئەو حیزبەوە و ڕاپەڕاندنی بە باشیی ئەرکەکانی خۆی وەک جێگری سکرتێر، هۆکارێکی حاشاهەڵنەگر و یارمەتیدەر بووە لە بەشێکی بەرچاو لە سەرکەوتنەکانی د.قاسملوودا وەک کەسی یەکەم و سکرتێری ئەو حیزبە. ئەم ڕاستییە نەک تۆزقاڵێک لە گەورەیی د.قاسملوو کەم ناکاتەوە بەڵکوو نیشانەی گەورەیی و ژیریی زیاتری ئەو زاتەیە، لانیکەم بە دوو هۆکار: یەکەم ئەوەیکە د.قاسملوو بوو کە بووە هۆکاری ئاشنا بوونی زیاتری د.شەرەفکەندی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و سیاسەتەکانی ئەو حیزبە و هەر ئەویش بوو کە بە تیژبینی و ژیریی خۆی، زۆر زوو زانی کە د.شەرەفکەندی خاوەن لێهاتوویی و تواناییەکی ئەوتۆیە کە بتوانێ ببێتە کۆڵەکەیەکی بەهێز بۆ حیزب لە داهاتوودا. دووهەم هۆکاریش دەتوانێ ئەمە بێت کە ئەوە ئەو بوو وەک کەسی یەکەم و سکرتێری ئەو حیزبە بە باوەڕەوە ڕێگەی بۆ گەشەکردنی زیاتر و کەڵکەکردنی ئەزموونەکان بۆ د.شەرەفکەندی خۆش کردبوو .

د.شەڕەفکەندی لە هەستیارترین بارودۆخی مێژوویی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات وەک ئاڵاهەڵگر و پێشڕەوی ئەو خەباتە، جگە لە ئەندامەتی لە دەفتەری سیاسی کە لە ساڵی ١٣٦٥ یشەوە وەک جێگری سکرتێری گشتیی حیزب دیاری کرابوو، هاوکات بەرپرسایەتیی بەشی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبەشی لە ئەستۆ بوو کە ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەو بەشە چارەنووسسازترین کۆمیسیۆنی حیزب لە بارودۆخە دژوارەکەی ئەو کاتدا بوو.

د. شەرەفکەندی لەو بەرپرسایەتییەشدا توانی بە مودیرییەتێکی ڕێک و پێک و بە هاوکاری هاوڕێیانی لە ڕۆژنامەی کوردستان و ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا و بە ئیمکاناتێکی کەم و وەبەرچاو نەهاتوو، سەرکەوتنێکی مەزن و مێژوویی بۆ حیزب تۆمار بکات. ڕادیۆیەکی بە ڕووخسار فەقیر بەڵام بە دەنگ و ناوەڕۆک ئەوەندە دەوڵەمەند و ڕاستگۆ، کە ببووە هاواری هیوابەخەش بۆ نەتەوەیەک و ڕۆژانە سێ جار میوانی ماڵ بە ماڵی خەڵکی ڕۆژهەڵات دەبوو. بێگومان بەشی هەرە زۆری ئەو سەرکەوتنانە لە دەرەنجامی مودیرییەتی بەجێ و کاری بێوچان و ماندوویی نەناسیی د.شەرەفکەندی و هاوکارانی لەو ڕادیۆیەدا بوو. کەم بیسەری ئەو ڕادیۆیە هەیە کە توانیبێتی لە ژێر کارتێکەری وتارە بە نرخەکانی د.شەرەفکەندی کە ئەوکات لەو ڕادیۆیەدا دەخوێندرانەوە دەربچێ و هیچ بەرچاوڕوونییەکی وەرنەگرتبێت. ئەوە ژیریی ئەو زاتە مەزنە و هاوکارانی لە بەشی ڕاگەیاندندا بوو کە توانیبوویان لە وەها بارودۆخێکی دژواردا ورەی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرنە سەرتر و هیچ دەرفەتێک بە تەبلیغات و پڕوپاگاندای ڕێژیم نەدەن. کاریگەرییەکانی ئەوکاتی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا، پاش ئەو هەموو ساڵە و وێڕای پێشکەوتنی زیادە لە چاوەڕوانیی میدیاکان، ئێستاش هەستی پێ دەکرێ. زۆربەمان کە بیری نەتەوەیی و حیزبدۆستیمان لە زایەڵە و مەکتەبی ئەو ڕادیۆیەوە دەستی پێکرد و بیچمی گرت، ناتوانین حاشا لەو بیرەوەرییە نۆستالۆژیانە بکەین کە خۆزگە و بریای گەڕانەوەمانە بۆ ئەو سەردەمە. بەشی هەرە زۆری ئەو سەرکەوتنە لە دەرەنجام و کارتێکەری مودیرییەتی بەجێ و ڕێی د.شەرەفکەندی بوو .

ڕێبەرە مەزنەکان لە ڕۆژانی تەنگانەدا و لە کاتە کارەساتبارەکاندا زیاتر دەناسرێن و تاقی دەکرێنەوە. کێ هەیە بتوانێ حاشا لە گەورەیی، بوێری و ژیریی د.شەرەفکەندی بکات کە لە ڕۆژە نەگبەتبارەکانی دوای تیرۆری نەمر د.قاسملوودا نیشانی دا؟ کێ هەیە بتوانێ ئینکاری ورەبەخشی و هەڵوێستە سیاسی و جوامێرییەکانی ئەو کەسایەتییە لە کاتی پێشکەش کردنی وتارەکەی لە دوای ڕووداوە دڵتەزێنەکەی ڤیەن، بکات؟ کەس هەیە شاهیدی بۆ ئەو ڕاستییە نەدات کە لە کاتێکدا هەواڵی شەهید بوونی د.قاسملوو دەهات زۆربەمان هیوابڕاو بکات و دەستەو ئەژنۆ، سڕ و کپ و مات ببووین، چۆن د.شەرەفکەندی توانی ورەمان وەبەر بنێتەوە و هیواکانمان بۆ بگەڕێنێتەوە؟ شەرەفکەندی ئەو ڕێبەرە مەزنە بوو کە ببووە کۆڵەکەیەکی بەهێز بۆ گەلەکەی و بوومەلەرزەیەکی بەهێزتریش بۆ ڕووخانی کۆشکی خەیاڵاویی قاتڵانی قاسملوو کە خەونی لەناوبردنی دێموکراتیان دەبینی. هەموو کادر و پێشمەرگەکان و خەڵکی ڕۆژهەڵات و تەنانەت دوژمنەکانیشمان شاهیدن کە حیزبی دێموکرات و گەلی کورد، لەژێر ڕێبەری و ڕێنوێنییەکانی ئەودا بێ قاسملوویيان پێوە دیار نەبوو

گەورەیی و لێوەشاوەیی د.شەڕڕەفکەندی بە جۆرێک دوژمنی هیوابڕاو کردبوو کە زۆر زوو و زۆر ترسەنۆکانە بڕیاری تیرۆر کردنیان دا. بەداخەوە نەیانهێشت حیزبی دێموکرات و گەلی کورد زیاتر کەڵک لە ئەزموون و زانستەکانی وەربگرێ. ڕێبەرێک کە دەیتوانی ببێتە هەوێنی یەکگرتوویی و وزەبەخش و ورەبەخشمان بێت لە گەیشتن بە ترۆپکی سەرکەوتن، زۆر زوو تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو د.شەرەفکەندی تەنیا ڕێبەری نەسڵی سەردەمی خۆی نەبوو، بەڵکوو ئەو ڕێبەری نەسڵ و نەسڵەکانی داهاتووی گەلەکەشمان بوو و هەیە. ئەو ڕێبەری هەموو سەردەم و کاتەکان بوو، بۆیە هیچکات لە ئەزموون و وانەکانی ئەو بێبەش نابین و ئێستە و لە داهاتووشدا هزر و بیری ئەو، ڕووناکیدەری ڕێگای خەباتمانە و هەر ڕێبەرمانە .

> **لێهاتوویی د.شەرەفکەندی لە مودیرییەتی حیزبیدا، هەوڵدانی بۆ لەبەرچاوگرتن و پاراستنی پڕەنسیپە حیزبییەکان لە لایەن ئەندامانی ئەو حیزبەوە و ڕاپەڕاندنی بە باشیی ئەرکەکانی خۆی وەک جێگری سکرتێر، هۆکارێکی حاشاهەڵنەگر و یارمەتیدەر بووە لە بەشێکی بەرچاو لە سەرکەوتنەکانی د.قاسملووداوەک کەسی یەکەم و سکرتێری ئەو حیزبە.**

> **شەرەفکەندی ئەو ڕێبەرە مەزنە بوو کە ببووە کۆڵەکەیەکی بەهێز بۆ گەلەکەی و بوومەلەرزەیەکی بەهێزتریش بۆ ڕووخانی کۆشکی خەیاڵاویی قاتڵانی قاسملوو کە خەونی لەناوبردنی دێموکراتیان دەبینی.**

# زانکۆی ڕازیی کرماشان ڕقی خۆی لە هەمبەر کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم دەربڕی




چالاکان، لایەنگران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە زانکۆی ڕازیی کرماشان بە بڵاوکردنی ڕاگەیەندراوێک وێڕای پاڵپشتی خۆیان لە هێزی پێشمەرگە، حیزبی دێموکرات و بەردەوامبوونی ڕاسانی خۆرهەڵات و هەروەها مەحکوومکردنی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزب دێموکرات، داوایان لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش کردبوو کە پەیوەست بە مانگرتنی سەرتاسەری بین کە لێرەدا لەبەر گرنگیی ڕاگەیەندراوەکە، دەقەکەی وەک خۆی لەم ژمارەیەی "کوردستان" بڵاو دەکەینەوە:

وە ناو بەرزناوێ کوردستان

خەڵک شەرەفدار و قەدردار کوردستان؛ هە ئەو جوورە ک خەوەر دیرین، ڕووژ شەممە ڕێکەفت هڤدەی خەرمانان ١٣٩٧ خوەرین، کۆمار پەت و سێدارەی ئسلامیی ئێران جارێگ‌تر و وە پێچەوانەی داوای خەڵک مەدەنی، چالاکەیل سیاسیی کوردستان، چالاکەیل ماف مرۆڤ و کووڕ و کۆمەڵەیل ماف مرۆڤ و ناونەتەوەیی، سێ ڕووڵەی پاک و چالاک سیاسی وڵاتمان وە ناوەیل "ڕامین حوسێن‌پەناهی"، "زانیار مورادی" و "لوقمان مورادی" وە سێدارە دادن و هاووەخت وەگەرد ئی کردەی نامرۆڤانە و دژە بەشەرییە سپای تێرۆریستیی پاسداران بنکە و بارگایەیل حزب دمۆکرات لە کۆیە کردە ئامانج ئاگر ڕق و کینە و مووشەکواران خوەی.

وەداخەو لە ئاکام و نەتیجەی ئی کردەی تێرۆریستی و شکانن یاسای ناونەتەوەیی و یاسای سەروەری وڵاتەیل، ژمارێگ لە کادر و پێشمەرگەیل و خەڵک مەدەنی دانیشتێی ئی کەمپەیلە گیانیان بەخت ڕێ پڕ وەشانازی ئازادی کورد و کوردستان کردن و چەند کەسێگ‌تر لە هاوڕێیەیلێیان زامدار بین.

کۆمار تێرۆریستی ئسلامی وەگەرد ئی کردەیل وەحشیانە و دژ وە بنەمایل ئەخلاق و ماف مرۆڤ، توایدن ک ئرادەی مافخواز و ڕەوای نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات کوردستان شکەست بیەیدن و بوودە بایس وە دویا نیشتن و ترسانن خەڵکێ کورد و دەسهەڵگردنیان لە خەبات ئەڕای داهاتوو گەش و پڕهیوای نەتەوەگەمان لە ئی بەش کوردستانە. وەڵام وەپێچەوانەی ئی ئامانج فاشیستی و شوونیستی کۆمار ئسلامییە، نەتەوەی کورد و ڕووڵەیل ئی وڵاتە فرەتر لە پێش وە بان خەبات ڕەوا و ئنسانییان ئەڕای ڕەسین وە مافەیل نەتەوەیی و دمۆکراتیک خوەیان لە چوارچێوەی ڕاسان شاخ و شار، سوورتر بینە.

نەتەوەی کورد لە درێژەی خەبات ئەڕای ئازادی لە هەر چواربەش کوردستان، چەندین کەڕەت توش ژینۆساید، ئەنفال، کیمیاییواران، کوشیان، سێدارە، ئاسیمیلاسیۆن و ... بییە، وەڵام هەر جارێگ قایمتر و سوورتر لە جار پێشین پا ناسە ناو مەیدان خەبات و سەرهەڵدان و هوچ وەخت لە داخوازییەیل ڕەوای خوەی دەسهەڵگر نەوییە و یەیشە نیشان دەیدن ک خەیاڵ کۆمار ئسلامی و داگیرکەرەیل کوردستان ئەڕای نواگیری لە ڕەسین نەتەوەی کورد وە ئامانجەیل بەرز و پیرووزی خاوە.

وە بوونەی ئی جنایەتە دژە بەشەرییەی کۆمار ئسلامی ئێرانە ک لە ئاکامی ڕامین و لوقمان و زانیار وە سێدارە دریان و هێرش وەحشیانەی سپای پاسداران وە سەر بنکەیل حزب دمۆکرات و کوشیان و زامدار بین موبارزەیل ڕاستەقینەی ڕێ ڕزگاریی کوردستان لە فاشیست و داگیرکەرەیل و خەڵک مەدەنی و منداڵەیل بێتاوان دانیشتێی کەمپەیل حزب لە کۆیە، ئیمە چالاکەیل خوێندکاری کورد زانکۆی ڕازی و ئەندامەیل تەشکیلات نهێنی حزب دمۆکرات کوردستان ئێران لە شار کرماشان سەرەخوەشی خوەمان ئاراستەی بنەماڵەیل سەربەرز ڕامین حوسەین‌پەناهی و لوقمان و زانیار مورادی و شەهیدەیل حزب و کادر و پێشمەرگەیل گیان لەسەر دەسێ دمۆکرات کەیمن و پڕ وەدڵ هیوای سڵامەتی بریندارەیل ئی کارەساتە توایمن و جارێگتریش پەیمانمان وەگەرد خون شەهیدەیل و حزبە خۆشەویستەگەمان حزب دمۆکرات کوردستان ئێران دوارەوە کەیمن و وە دژبەرەیل نەتەوە و وڵاتمان ئیویشیمن ک هەزاران ڕووڵە و ڕێوار ڕێ دوکتور قاسملووی نەمر ئامادەی گیانفدایی و پەیوەست بین وە ڕاسان شاخ و شار لە شوون وە شوون وڵاتمان کوردستان، هەر لە ماکوو هەتا ئیلام و لوڕستان هەن ک تا ڕزگاریی کورد و کوردستان لە داگیرکەرەیل لە پا نیوەسن.

هە ئەیجوورەیش داوا لە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی و ڕێکخراوەیلێ ماف مرۆڤ کەیمن ک هەرچێ زوتر نوای ئی کردەیلێ تێرۆریستی سپای پاسداران و کۆمار ئسلامی ئێران، دژ وە نەتەوەی کورد و ئاسایش و ئارامش ناوچەگە بگرن و مەحکوومێ بکەن. داوامانیش لە کۆمەڵگای مەدەنی و خەڵک غیرەتمەند ڕۆژهەڵات کوردستان یەسە، ک لە بەرانبەر جنایەتەیل کۆمار ئسلامی ئێران بێدەنگ نەون و ڕووژ چوارشەممە ڕێکەفت ٢١ی خەرمانان ١٣٩٧ خوەرین وە شێوەی یەکدەنگ و یەکگردێ لە مانگرتن گشتیی ڕۆژهەڵات دژ وە تاوانەیل کۆماریێ ئسلامی بەشدار بن.

شەهید نامرێ

برووخێ کۆمار پەت و سێدارەی ئسلامی

بژی ڕاسان

# لێقەوماوانی کرماشان بەرگەی چەند پاییزی نەهامەتی دیکە دەگرن!



**○ ڕاپۆرت: ژیلا موستەجەر**

ساڵی ڕابردوو ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەر، بوومەلەرزەیەکی بەهێز کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لەرزاند، ناوەندی بوومەلەرزەکە پارێزگای کرماشان و ناوچەی ئزگەلە ڕاگەیەندرا، ئەم بوومەلەرزە بە گوڕی ٧.٣ ڕیشتەر، ناوچەکەی لەرزاند و وێرانییەکی زۆری بەدوای خۆی بەجێهێشت.

ئامار و داتاکانی دوای بوومەلەرزەکە، ڕێژەی کاولکاری بوومەلەرزەی دەرخست، هەر بۆیە خەڵکانێکی زۆر بەشێوەی خۆڕسک هەوڵیان دا بە کۆکردنەوی یارمەتی فریای خەڵکە لێقەوماوەکە بکەون. لەو کاتوساتەدا حکومەتی ئێران وەکوو یەکەم بەرپرسیار، هیچ هەوڵێکی لە ئاست بەرپرسیارەتی خۆی وەکوو "دەوڵەت" نەدا و بووە هۆی ئەوەیکە هاووڵاتیان بە تایبەتی کوردەکان بە لێشاو ڕوو لە ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان بکەن و یارمەتی خەڵکی بێدەرتان و لێقەوماو بدەن کە لە سەرمای زستان و بێ ماڵ و حاڵی نەجاتیان بێت. هەرچەند ئەو هەوڵانەش لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە سەرکوت دەکران و پێداویستییە گرینگەکانی لێقەوماوانی پڕ نەکردەوە.

لەو ڕۆژانەدا یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکان کە خەڵک بەرەوڕووی دەبوونەوە، نەبوونی کانێکس و خێوەت بوو، کە هەنووکەش بەشێک لە خەڵک نەیانتوانی کانێکس یان خێوەتێکیان وەکوو سەرپەنایەک وەدەست کەوێت. ئەمە لە حاڵێکدابوو کە کوردەکان لە هەر چوار پارچە و کوردانی دیاسپۆرا، خەڵکی ئێران لە هەموو نەتەوەکان، زۆربەی وڵاتە ئەورووپییەکان بە بەرێوەبردنی کەمپەین، یارمەتییەکی ماڵی زۆر باشیان کۆکردەوە کە زۆربەی ئەم یارمەتییانە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیراو و سەرەڕای ئەوەیکە خەڵکی لێقەوماو لە سەرمای زستان ڕەق هەڵاتن و لە قوڵەی هاوین لە گەرمای سەرووی ٤٥ درەجەوە گیانیان لەدەست دا، هیچ ئاوڕێکی جیددی تا ئێستا لە بواری بنیاتنانەوەی خانووبەرەکان، قوتابخانە، شوێنە فێرکارییەکان، نەخۆشخانەکان و ئیدارەکان نەدراوەتەوە.

ئێستا نزیک بە ساڵێک لەم ڕووداوە تێدەپەڕێت، بەهۆی کەمتەرخەمی دەوڵەتی ئێران بەرانبەر بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەی کرماشان، پاییزێکی دیکەی پڕ نەهامەتی بەرۆکی خەڵکی لێقەوماوی ناوچەکە دەگرێتەوە.

پاییز لە ڕێگەدایە و بە پێی نەریتی ناوچە کوردەوارییەکان، خەڵک دەکەونە جموجوڵی کۆکردنەوەی کەلوپەل بۆ زستان و ماڵ و منداڵ بۆ ساڵێکی نوێی خوێندن ئامادە دەکەن، بەڵام لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشان هیچ ئاماژەیەک بۆ خۆئامادە کردن و بەرەو پیرچوونی پاییز نابیندرێت.

بەپێی ئەو ئامار و داتایانەی کە پێگە هەواڵییەکانی ئێران بڵاوی دەکەنەوە، ئەمساڵ ١٧ هەزار قوتابی لە ناوچەی کرماشان ناتوانن بچنەوە بەر خوێندن و زۆرترین ڕێژەکە، شاری قەسری شیرین، لەو شارانەیە کە خەسارەتێکی زۆری لە ڕووداوی بوومەلەرزەکە لێکەوت. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە هەنووکە هیچ خزمەتگوزارییەک بۆ دەسپێکردنەوەی خوێندنی ئاسایی منداڵانی لێقەوماو جێبەجێ نەکراوە و بێ گومان نەچوونەوە بەر خوێندنی منداڵان و لەدەست چوونی ساڵێکی دیکەی خوێندن، خەسارێکی گەورەی فەرهەنگی و ئابووری لەم ناوچەدا بە جێ دەهێڵێت.

لەم پەیوەندییەدا، فەرهاد تەجەری، بەناو نوێنەری قەسرشیرین لە مەجلیسی ڕێژیمی ئیسلامی ئێراندا ڕایگەیاندووە، کە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی پارێزگای کرماشان بۆ خوێندنی ئەمساڵ تەواو نابن و بەشێکی زۆر لە قوتابیانی ئەو ناوچانە لە خوێندن دادەبڕێن. هەروەها ناوبراو باسی لەوە کردووە، کە گواستنەوەی قوتابیان بۆ قوتابخانە سازکراوەکان و بۆ قوتابخانەی ناوچە و شارەکانی دیکەش درەنگە و ئەم پرۆژەیەش جێبەجی نابێت. ساڵی پاریش بەشێکی زۆر لە قوتابیانی ئەم ناوچانە نەیانتوانی درێژە بە خوێندن بدەن و بەشێکیشیان لەژێر خێوەت و لە نێو کانێکسەکان بە کەمترین پێداویستییەکانەوە درێژەیان بە خوێندن دا.

نەچوونەوە بەر خوێندن و بەتایبەت بە بۆنەی جەبری لێقەوماوی و بێ حاڵ و ماڵی کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر داهاتووی بەهرەمەندی منداڵان و داهاتووی ئابووری ئەم پارێزگایە دادەنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە هەر بە پێی ئامارەکانی خودی دەوڵەتی ئێران بە هۆی نەداری، هەژاری و ناهۆشیاری و سیاسەتی هەڵە، پارێزگای کرماشان لە پلەی دووهەمی ئەو پارێزگایانەدایە کە ڕێژەی خۆکوشتن تێیدا بەرزە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی جەهاد دانشگاهی، بە پێی پێوەرەکانی: چالاکی خۆشگوزەرانی، ڕازی بوون لە ژیان، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، تەمەن، داهات، تەندروستی و گەشبینی و...هتد، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ژیان، پارێزگای کرماشان پاش خۆراسان دووهەمین پارێزگای خەمینە لە ئاستی ئێراندا.

دوای بوومەلەرزەکەی کرماشان، هەر بەهۆی پێڕانەگەیشتنەکان لەلایەن دەوڵەتەوە لە حاڵێکدا کە خەڵکی لێقەوماو زۆرترین پێویستییان بە هاوکاری مەعنەوی هەیە و ئەم هاوکاری نەکردنە و پێڕانەگەیشتنە بە ئەنقەستانەی دەوڵەتی ئێران بووە هۆی بڵاوبوونەوەی نائۆمێدی و خەڵک تووشی خەمۆکی و هەوڵی خۆکوشتنیان دا کە دوای بوومەلەرزەکە خەڵکێکی زۆر و زۆر جار یەک بەدوای یەکی ئەندامانی بنەماڵەیەک دەستیان دایە خۆکوشتن و گیانیان لەدەست دا.

لێقەوماوانی بوومەلەرزەی کرماشان کە کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری سەرەکی بەردەوامی کێشەکانی خۆیان دەزانن لە ١٢ی خەرمانان بە کۆبوونەوە لە بەردەم پارێزگاری کرماشان، لە هەمبەر کەمتەرخەمییەکانی بەرپرسانی ڕێژیم بۆ نۆژەنکردنەوەی ماڵەکانیان بەتایبەت کەمئاوی ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی و داوایان لە بەرپرسانی پارێزگای کرماشان کرد کە کێشە و گرفتەکانیان بە زووترین کات چارەسەر بکەن.

هەروەها هەواڵدەرییەکانی ڕێژیمی ئێران لە زاری "موجتەبا جاسمی" سەرۆکی شۆرای شاری سەرپێڵ و زەهاو بڵاویان کردووەتەوە، کە بوومەلەرزەلێدراوان بۆ ئەوەیکە بتوانن خانووبەرە دروست بکەن، گورچیلەکانی خۆیان دەفرۆشن. بوومەلەرزە یەک لە دوای یەکەکان ڕۆح و دەروونی خەڵکی تێک داوە. بڕیار بوو یارمەتی خەڵک بدرێت بەڵام هیچ یارمەتییەک بە خەڵک نەدرا.

هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە تاڵەیش بکەین کە ڕێژیمی ئێران تەنیا لە گەیاندنی یارمەتی و چارەسەر کردنی کێشەکانی خەڵکی لێقەوماو کەمتەرخەم نەبووە بەڵکوو بەرپرسانی ئەم ڕێژیمە فاشیستییە لە قسە و کردەوەکانیان گاڵتە بەم خەڵکەیش دەکەن. ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، حەسەن قازیزادە هاشمی، وەزیری تەندروستی و دەرمانی ڕێژیم، بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان، سەردانی ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرد، کە نەتەنیا هیچ قازانجێکی بۆ خەڵک نەبوو بەڵکوو بە گاڵتەکردن بێڕێزیشی بە لێقەوماوان کردووە.

بە هۆی بەردەوامی بوومەلەرزەکان لە پارێزگای کرماشان و نەبوونی ئەمنیەتی گیانی و لە نێو کانێکس و خێوەت و خانووە ڕووخاوەکاندا، خەڵکی پارێزگا هەموو هەوڵیان ئەوەیە لەم دۆخە زیندوو بمێنن و هەموو نیگەرانیان ئەوەیە کە بۆ زیندوومان لەوانەیە کۆچ کردن بۆ شوێنێکی پارێزراوی ئەمن باشترین ڕێگە بێت، هەر بۆیە لەم ڕۆژانەدا چەند هەواڵێک لەسەر کۆچکردن و جێهێشتنی ناوچەکە بڵاو بوویەوە و ئەمە کارەساتێکە ئەگەر ڕاست بێت دەبێتە هۆی گۆڕینی زۆریەک لە هاوکێشەکانی کورد لەم ناوچە و سودمەندی سەرەکی بە دڵنیایەوە داگیرکەرە.

پارێزگای کرماشان بە هۆی تایبەتمەندی جوغرافیایی و سیاسی و ئابووری، لە جووڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد، خاوەن پێگەیەکی تایبەتە، ئەو پارێزگایە بەردەوام لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لە ژێر سەرکوت و سیاسەتی ئاسیمیلەی زمانی و فەرهەنگی و سیاسی لە لایەن ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراندا بووە، ڕوودانی بوومەلەرزە لەم ناوچە، جارێکی دیکە ئەو هەلەی بۆ ڕێژیمی ئێران ڕەخساند و لەم ڕێگەوە و بەو پەڕی دڕندەیی خۆی گوێی لە پێڕاگەیشتن و دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی ئەو ناوچە خەواندووە و بە ئاشکرا هەوڵی ژینۆسایدی خەڵکی دا!!

# بۆچی ڕێژیم هێرشی کردە سەر کۆیە؟

**جاقل**

کۆماری ئیسلامی لە هێرشی موشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات چەندین مەبەستی گەورە و بچووکی هەیە کە هەوڵ دەدەم لە دوو توێی ئەم نوسراوە کورتەدا بیخەمە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز .

ئێران لە ناوخۆدا تووشی قەیرانێکی ئابووری، سیاسی و ڕەوایی و کۆمەڵایەتی بێوێنە بووە کە بەرهەمی مودیریەتی سەقەت و ئیدئولۆژیک بوونی حاکمییەتی تارانە و هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەو بارودۆخە کە ئێران تێی کەوتووە، هەستانەوەی تێدا نییە و درەنگ یان زوو حکومەتی تاران بەرەو ڕووخان دەبات.

بەردەوامی کێشە لە گەڵ وڵاتانی زلهێز و ناوچەیی، گەندەڵی سیستماتیکی ناوخۆیی، ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران، کەمبوون و نەمانی سەرچاوەکانی ژیان وەک ئاوی پاک و خاوێن و هەوای سالم و هتد، لە ژێر دەسەڵاتی حاکمییەتی دینی تاراندا، تەنیا بەشێکن لەو واقعییەتانە کە ڕۆژانە هەموو کەسێک لێیان ئاگادارە.

ماوەی زیاتر لە دوازدە ساڵە مەسەلەی ناوکی ئێران بووەتە پرسی ڕۆژی میدیاکانی جیهان و خەڵکی ناوخۆیش بە کردەوە تێکەڵ بەم ململانێ بوونەتەوە. بە جۆرێک کە تەئسیری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو بابەتەیش بە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵکەوە دیارە و کەس ناتوانێت حاشا لەوە بکات .

ڕوون و ئاشکرایە کە هەتا ئێستا کێشەکان زیاتر قووڵ بونەتەوە و ناتەوانی و بێ کیفایەتی کاربەدەستانی ئێرانی زیاتر بۆ خەڵک دەرکەوتووە . خەڵکی ئەمڕۆی ئێران بە گشتی نەتەنیا ئەو حاکمە ڕیش درێژانە بە پیرۆز نازانن بەڵکوو متمانەیشیان پێیان نەماوە و لە ماوەی یازدە مانگی ڕابردووشدا خەڵک سەلماندیان ئەگەر هەلیان بۆ هەڵکەوێ لێیان خۆش نابن .

ئەگەر لە جوغرافیای ئەمڕۆی ئێراندا ژیانت کردبێت و سەیری ڕابردووی ئەم دەسەڵاتە و شێوەی تەعامول کردنی دەسەڵات لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک بکەیت باش دەزانیت کە هەمووی ئەمانە لە بیری ئیدئولۆژیکی ڕێژیم و تاکڕەوی و ناڕەوابوونی دەسەڵاتییەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕێژیم بۆ کونترۆڵی خەڵک و پێشگرتن لە ڕوخانی دەسەڵاتەکەی جگە لەوەی پەنا بباتە بەر توندوتیژی و کوشتن و ئێعدام و گرتن و نانەوەی ئاژاوە و بشێوی، هیچ ڕێگایەکی دیکە لە بەردەمی خۆیدا نابینێتەوە. بەداخەوە تێچووی تەواوی ئەم حاڵەتانەش دەکەوێتە سەر شانی خەڵکی ئێران و بەتایبەت ئازادیخوازان، کە لەو ناوەدا پێم وابێت پشکی یەکەم بەر نەتەوەی کورد و کەسانی شۆڕشگێڕ و قارەمانی ئەم نەتەوە دەکەوێت .

دیسان و لە کاتێکدا کە گرفت و گوشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ڕێژیمی تارانیان خستبووە بارودۆخێکی ناسەقامگیرەوە، بە جۆرێک کە تەنانەت ڕێژیم، ئێحتماڵی بێ ئیرادە بوون لە هێزە چەکدارەکانیدا بۆ دیفاع لە حاکمییەتی ئێرانی بەدی دەکرد، ئەو ڕێژیمە بە شێوەی هەمیشەیی خۆی پەنای بردە بەر ئێعدام و کوشتنی کەسانی دیل و دژبەر، هەتا بە خەیاڵی خاوی خۆی نەزم و ئێقتیدارێکی ڕووکەش بگەڕێنێتەوە بۆ سەرکردایەتی و بەدەنەی نیزام و خەڵکانی ناوخۆیی و دەرەکیشی پێ چاوترسێن بکات .

خوێنڕشتن، ئینسان کوشتن، جینایەت کردن و تاد لە جەوهەرە و ناخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدایە و نابێت هیچ ڕۆشنبیرێک و هیچ شۆڕشگێڕێک بۆ یەک چرکەش لەوە غافڵ بێت کە ئەم ڕێژیمە لە کۆتایی تەمەنی خۆیدایە و دەبێت هەمووان ئامادەبین خوێن و تێچووی ئەو ڕووخانە یەکجارییەش بدەین . پێم وابێت شەهید دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو لە هەموو کەس باشتر ناخی ئەم ڕێژیمەی ناسیبوو بۆیە دەیفەرموو میللەتێک کە ئازادی بوێت، دەبێت نرخی ئەو ئازادییەش بدات .



**خوێنڕشتن، ئینسان کوشتن، جینایەت کردن و تاد لە جەوهەرە و ناخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدایە و نابێت هیچ ڕۆشنبیرێک و هیچ شۆڕشگێڕێک بۆ یەک چرکەش لەوە غافڵ بێت کە ئەم ڕێژیمە لە کۆتایی تەمەنی خۆیدایە و دەبێت هەمووان ئامادەبین خوێن و تێچووی ئەو ڕووخانە یەکجارییەش بدەین.**

ئێعدام و پەلاماری موشەکی بۆ سەر ئێمەی کوردیش هەر لەم چوارچێوەدا جێگای باس و تەفسیرە کە لێرەدا هەوڵ دەدەم بەشێوەی پۆلێنکراو بیخەمە بەر دید:

١. ڕێژیم بۆ خۆدزینەوە لەو قەیرانانە کە لە سەری کەڵەکە بوون هەوڵ دەدات لە دەرەوەی سنورە جوغرافییەکەی خۆی شەڕ و ئاژاوەیەکی نوێ بنێتەوە .

٢. چاوترسێن کردنی خەڵکی ناوخۆ و ناوچەکە.

٣. ڕێژیم کوردەکان بە بزوێنەر و ڕێکخەری ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران دەزانێت و دەیهەوێت پێش لەوەی گرفتەکان دەسەڵاتی بەتەواوی بخەنە مەترسییەوە، نەتەوەی کورد و هێزەکانی کورد لاواز بکات .

٤. بەراوردی ڕێژیم بە نیسبەت بێدەنگی وڵاتانی بیانی و کۆڕ و کۆمەڵە بەناو بەشەردۆستەکانەوە بۆ خولقاندنی ئەم جینایەتە تازە، بەداخەوە هەتا ئەم ساتە بەراوردێکی هەڵە نەبووە .

٥. بێدەنگی یان هاوکاری یان بێ هەڵوێستی کەسانێکی دیار و نادیار لە ناو خاکی باشوری کوردستاندا

٦. بەکارهێنانی مووشەک بە دژی حیزبی دێموکرات دەرخەری ئەوەیە کە ڕێژیم لە ئاست ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا زەلیل و دۆشداماوە و بە زمانی بێ زمانی ئاقاری شەڕەکە لە چریکییەوە بۆ جەبهەیی دەگوازێتەوە .

٧. ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ شەڕەکانی ناوچە کە ڕێژیم ئەکتەرێکی نێگەتیڤی ئەو شەڕانەیە قووڵتر دەبێتەوە و ڕێژیم بۆ دڵخۆشکردنی جاشەکان و میلیشیاکانی پێویستی بە وەها مانۆڕێک هەبوو .

لە کۆتاییدا پێویستە هەموومان ئەوە بزانین کە چوارشەممە بیست و یەکەمی خەرمانان، تەنیا چوار ڕۆژ لە پاش ئەو ئێعدامە بێ بەزەییانە و هێرشە دڕندانە بەشێکی زۆری ئەو خولیا و خەیاڵ و ئاواتانەی ڕێژیم بوون بە بڵقی سەر ئاو و ڕێژیم لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا شکستێکی بێ وێنەی خوارد . خەڵکی کوردستان بە داخستنی دوکان و بازاڕەکانی شار، بەپیر بانگەوازی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و بە شەفافی وڵامی "نا بۆ ئێعدام" و "نا بۆ موشەکباران" و "نا بۆ سەرەڕۆیی" و "نا بۆ کۆماری ئیسلامییان" بە دژی ڕێژیم بەرز کردەوە کە ئەم "نا"وتنە کۆماری ئیسلامی لە تەواوییەتی خۆی لە مانا بەتاڵ کردەوە و جارێکی تر نیشانی دا کە ڕێژیم خاوەن هیچ پێگە و ڕەواییەکی خەڵکی لە کوردستان نییە.

# هۆکاری پەلامار و هەڕەشەکانی هارییە

**نەوید کەرەمی**

ساڵانێکە پاش هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێراندا، نەتەنیا مرۆڤەکان بەڵکوو هیچ بوونەوەرێک لە دەست پەلامار و دەستدرێژییەکانی ئەو ڕێژیمە پارێزراو نەبووە.

بە هاتنی ئەو ڕێژیمە، لە وڵاتی ئێراندا یاسا نێونەتەوەییەکان ژێر پێ خراون و مافەکانی مرۆڤ لە مانا بەتاڵ بوونەتەوە؛ مرۆڤە زاناو ئازاکان قۆڵبەست و لە سێدارە دراون، قاسملووەکان تیرۆر کران و شمشێر و بڕیار درایە دەستی خەڵخاڵییەکان هەتا ڕاسپاردەی دامەزرێنەری ئەو ڕێژیمە تاوانبارە، وەکوو یاسای ئاسمانی جێبەجێ بکەن.

بە بڕیاری خومەینی ویلایەتی فەقیهی بوو بە نوێنەری خودا و هێرش و هەناردەی ئەو شۆڕشە و ئەو سیستمە بوو بە یاسای بنەڕەتی ڕێژیمەکەی؛ ئەگەرچی هەر لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییەوە گەلی کورد لەو وڵاتە، کەوتە بەر ڕق و بێزاری دەسەڵاتی تازەدامەزراوی خومەینی و تاقمەکەی و بە هێرش بۆسەر کوردستان، بەرەوڕووی دەیان کارەسات و کوشتن و بڕین بووەتەوە، بەڵام پاش کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، بەرەبەرە وڵاتانی دوور و نیزیک، کەوتوونەتە بەر دەستدرێژی و هەڕەشە و پەلاماری سیاسەتە دوژمنکارانەکانی ڕێژیمی بە ناو کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، تا ئەو جێگایەی کە لە هەر شوێنێکی جیهاندا ئاژاوەیەک سەر هەڵدەدات، یان تیرۆر و کردەوەیەکی نامرۆڤانە ڕوو دەدات، بێگومان دەستی سەردەمدارانی ئەو ڕێژیمەی تێدا بەدی دەکرێت.



تیرۆری کەسایەتییەکانی وەک دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە ڤییەن، دوکتور سادق شەرەفکەندی لە بێرلین، دوکتور شاپووری بەختیار لە پاریس و ... و هەروەها کردەوەی تیرۆریستی وەک تەقاندنەوەی ناوەندی هاوکاریی یەهوودییەکان ناسراو بە ئامیا لە ئارژانتین و چەندین کردەوە و هەوڵی تیرۆریستی کە لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە لە وڵاتانی وەک تایلەند، هێند، بەحرەین، عێراق، کێنیا و تەنانەت هاوکاری سەرانی ئەو ڕێژیمە بە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە جێبەجێکردنی گەلاڵەی تیرۆریستی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ی زایینی کە بووە هۆی کوژرانی **٢٩٩٣** کەس بەشێکن لەو کردەوە تیرۆریستییانەی کە بە بڕیار و هاوکاریی سەرانی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی دیکەدا بەڕێوە چوون.

جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە دژی گەلییە هەر بەوە نەوەستاون و بگرە ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبنەوە، ئەو ڕێژیمە بەمەبەستی سەپاندنی هێژموونی خۆی بەسەر وڵاتانی دیکە و دزەکردن لە وڵاتانی جیهاندا دەستی داوەتە دامەزراندن و پاڵپشتی و بەهێزکردنی دەیان گرووپی تیرۆریستی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت وڵاتانی ئافریقایی و بە مەبەستی هێرش بردنە سەر نەیارانی ئەو ڕێژیمە و نانەوەی شەڕ و ئاژاوە لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی، ساڵانە بە میلیاردها دۆلار لە داهاتی ئێرانیان پێ دەدات و بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی و ساپۆرتی ماڵی و مەعنەوییان لێدەکات.

بە سەرنجدان بە دروشمەکانی وەک "نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی" و هەناردنی بەردەوامی مەرگ و نەمان بۆ ئەم و ئەو کە وەک بڕیار لە دەزگای پەروەردەیی و سەربازی ئەو ڕێژیمەدا هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە دەگوترێنەوە، بە ڕوونی دەردەکەوێت کە سەران و دامەزرێنەرانی ئەو ڕێژیمە تووشی جۆرێک نەخۆشی وەک پارانۆیا بوونەتەوە کە لە هەموو کەس و تەنانەت کەسە نزیکەکانی خۆیان بە گومانن و هەمووان بە دوژمنی خۆیان دەزانن.

هەر بۆیە هەر وەک هار، پەلاماری هەموو ئەو کەس و لایەن و وڵاتانە دەدەن کە لە بەرانبەر سیاسەتەکانیان ڕادەوەستن و نا بە دەسەڵات و پیلان و بەرنامەکانیان دەڵێن.

لە ئاکامی ئەو جۆرە سیاسەتانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێستاکە هاووڵاتی ئێرانی لە وڵاتانی دیکەدا وەک تیرۆریست چاوی لێ دەکرێت، ئێران ناوێکی شوم و بەرپرسانی ئێرانیش مەترسیدار و بێزارکەرن.

چوار دەیەیە کە ئەو ڕێژیمە بە مەبەستی درێژەدان بەو سیاسەتە نەخۆشەی خۆی هەموو سەرمایەی ئێرانی بۆ دروست کردنی چەکی کۆمەڵکوژ، پەرەدان بە تێکنۆلۆژی مووشەکی و کڕین و بەکرێگرتنی تیرۆریستان لە ناوچەکە هەزینە کردووە، کە لە ئاکامدا خەڵکی ئێران بەرەوڕووی دەیان جور قەیران وەک گرانی، گەمارۆی نێودەوڵەتی و لە ئاکامدا دارمانی ئابووری و بێکاری و ... هتد بوونەتەوە.

ئێستا خەڵکی ئێران کە لە سیاسەتە هەڵەکانی بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە وەزاڵە هاتوون و خوازیاری ژیانێکی باشترن، بوونەتە سەرەکیترین دوژمنی ڕێژیم و بە توندترین شێوە و بە تۆمەتگەلی جۆراوجۆر و بێبنەما لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە دەگیرێن و تەنانەت لەسێدارەش دەدرێن.

ئەو وڵاتانەی کە دڵیان بۆ خەڵکی ئێران دەسووتێ و پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەو خەڵکە دەردەبڕێن، دەکەونە بەر پەلاماری ڕێژیم و لایەنگرەکانی و مووشەکەکانی ڕێژیمیش بە هیوای خامۆش کردنی چرای ڕووناکایی داهاتووی ئەو خەڵکە، سنوورەکان دەبەزێنن و قوربانی دەگرن.

لەکۆتاییدا، ئەگەرچی ڕێژیم وەکوو گورگی هاری لێ هاتووە و پەلاماری هەر بوونەوەرێک کە هەناسە دەکێشێت دەدات، بەڵام هەموو ئەو پەلاماردانانە پیشاندەری ترس و لاوازی ڕێژیمن و دەرخەری شکستی ئەو ڕێژیمەن لە هەموو پیلان و بەرنامەکانی.

لە جیهانی ئەمڕۆدا کە بە دیالۆگ، لێکتێگەیشتن و پاراستنی ماف و کەرامەتی نەتەوەکان دەکرێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێن، پەنابردن بۆ مووشەک و پەلاماردان و هەڕەشەکردن نەک بەقەولی خۆیان "ئێقتدار" نییە، بەڵکوو ئاماژەیەکە بۆ مێشک پووچی و دواکەوتوویی و هەژاری فەرهەنگی کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

توندوتیژی و هەڕەشە و هێرشەکانی ڕێژیم بۆسەر خەڵک و ئازادیخوازان و ڕزگاریخوازانی ئێرانی، نەک هەرگیز نابێتە هۆی تێکشکانیان بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەوان یەکگرتووتر، بەهێزتر، بەئەزموونتر و سوورتر دەکات بۆ ڕوخاندن و تێکەوەپێچانی تووماری ڕەشی ئەو ڕێژیمە هار و نگریسە و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خەڵکی و ژیانێکی سەردەمیانە لە ئێرانی داهاتوودا.

**هەر وەك ئاگادارن لەو ڕۆژەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی هاتووەتە سەر کار، کوشتن و برین و تیرۆر سیاسەتە سەرەکییەکانی ڕێژیم بووە لە دژی نەتەوەی کورد؛ لە تازەترین کردەوەی تیرۆریسـتی خۆیدا ڕێژیم بنکەکانی حیزبی دێموکراتی مووشەکباران کرد، لەبەر گرینگی مژارەکە تەلەفزیۆنی تیشـك لەگەڵ بەڕێزان كاك حەسەن شەرەفی جێگری لێپرسراوی گشتی حیزب و بەرپرسی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکرات و بەڕێز دوکتور میرۆ عەلیار ئەندامی ناوەندی سیاسی حیزب وتووێژی تایبەتی ئەنجام دا کە لێرەدا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەرانی خۆشەویستی "کوردستان":**



**پ: ئەو کردەوە تیرۆریستییەی ڕێژیم چۆن دەبینن، هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لە بەرانبەریدا چی دەبێت؟**

ئەو کردەوەیەی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی لە شکڵی مووشەکباراندا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە واقعییەتدا شتێکی تازە نییە؛ لە ساڵانی ڕابردووشدا لە ئەشکالی موختەلفدا چ مووشەکباران چ بۆمباران چ تۆپ و کاتیۆشاباران چ بە هێزی زەمینییەوە هاتنە سەری، هەموو لە گۆڕێدا بووە، بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆدا لەباری ئابوورییەوە لە وەزعێکی شپرزەدایە، لە ناڕەزایەتی خەڵکەکەی لە ئەوجی خۆیدایە بەرانبەر بە ڕێژیم، موشکیلاتی لەگەڵ دنیای دەرەوە هەیە، و دەخاڵەت و دەستێوەردانی لە وڵاتانی ناوچەدا هەیە، ئەو هەموو موشکیلاتانەی بۆی هاتوونەتە پێشێ دەیەوێت بە جۆرێک نیشان بدات سەرەڕای هەموو ئەوانە هێزی بەرەنگاربوونەوەی هەیە و بۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردە ئامانج، چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتاوە دژی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووە و لە ڕیفراندۆمدا بەشداری نەکردووە؛ هەر لەو دەمەوە هەتا ئێستا خەباتێکی شێلگیری لە شێوازی جۆراوجۆر لە دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بردووە، بۆیە ئەم جۆرە شتانە بۆ ئێمە زۆر ڕووداوی دوور لە ئینتیزار نین وە بەداخەوە ئەو مووشەکبارانە زیاتر لە ١٦ شەهیدی لێکەوتووەتەوە و نزیک بە ٣٥ هەتا ٤٠ کەسی بریندار لێکەوتووەتەوە کە شفای عاجل بۆ ئەوان دەخوازم و ڕۆحی شەهیدەکانیش شاد بێت؛ هەڵوێستی حیزبی ئێمە هەر هەمان هەڵوێستە کە دوای هەموو حەرەکەتێکی لەو بابەتەی کۆماری ئیسلامی هەمان بووە ئەویش ئەوەیە کە هیچ شتێک مووشەکباران، تۆپباران، خومپارەباران، هیچ جۆرە حەرەکتێکی کۆماری ئیسلامی دژ بە خۆمان، ئێمە لەو ڕێگایەی کە گرتوومانەتە بەر و لە خەباتێکی کە کردوومانە ناگێڕێتەوە، هەڵوێستی ئێمە ئەوەیە کە خەباتی خۆمان لە شکڵی جۆراوجۆریدا بەڕێوە دەبەین وە سوور دەبین لەسەر داواکانمان و سوور دەبین لەسەر خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**پ: چالاکی و خەباتی حیزب لە دوای ئەو کردەوەیە چۆن دەبێت؟**

من ئاماژەم بەوەی کرد کە ڕاسان لە جێی خۆیەتی و لە جێی خۆی دەبێت؛ ئەشکالی دیکەی خەباتیش لەسەریان سوور دەبین، بەردەوام دەبین چ لە پێوەندی لەگەڵ درێژەدان بە ڕاساندا، چ لە فەعالیەتی دیپلۆماسیدا، چ لە حاڵەت و لە فەعالیەتی ڕاگەیاندندا و چ تەشکیلاتی و ڕێکخستنی نێوخۆیی و دەرەوەیدا هەموو ئەوانە لە جێی خۆیاندا دەبن، تەبیعەتەنیش ڕاسان هەر لەسەرەتاوە کە دەستی پێکرد ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیگەران کردووە، مەترسی لێنیشتووە و ئەو مەترسییەش ئێستە هەر هەیە وەلە ئایندەشدا هەردەبێت، بەڵام دەبێت دڵنیا بین خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو شکڵ وشێوەیەکی ڕەوای خۆیدا درێژەی دەبێت وەهیچ شتێک لەو ڕووداوانەی کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێت لە دژی ئێمە بەکاریان بهێنێت و لە دژی ئێمە بەڕێوەی بەرێت ئێمە لە ڕێگایەکی گرتوومانەتە بەر ناگێڕێتەوە و لەسەر داخوازییەکانمان سوورترمان دەکات و لە خەباتەکەماندا شێلگیرترمان دەکات.

**پ. ئەم کردەوەیەی ڕێژیم چ پەیامێک بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات دەدات؟**

هەر ئەو ڕۆژە کە ئەو ڕووداوە ڕوویدا و ئەو مووشەکبارانە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانمان کرا ڕاست هەر ئەو ڕۆژە سێ تێکۆشەری کورد سێ چالاکوانی سیاسی لە سێدارەدران، ئەوە دەبێت ئەو پەیامە بە هەموو خەڵکی کوردستان بدات کە کۆماری ئیسلامی ئێران تەنیا خەباتکارانی شێلگیری دێموکرات ئامانج ناگرێت بەڵکوو هەموو ئەو کەسانەش کە لەسەر کاری خۆیانن لە ماڵی خۆیانن لە شارو گوندەکانی خۆیانن بۆ کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی دیکە هەدەفن چونکە جهموری ئیسلامی ئێران هاتووەتە سەر ئەو باوەڕە کە ویستەکانی حیزبی دێموکرات ویستی هەموو خەڵکی کوردستانن وە خەباتێک کەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەی دەبات لە واقیعدا خەباتێکە کە هەموو خەڵکی کوردستان پشتی دەگرن بۆیە کۆماری ئیسلامی هیچ فەرقێک دانانێت بەینی ئەوەی کە خەباتێکی زۆر شێلگیر دەکات، لەبەینی ئەوەیدا کە لەسەر کار و ژیانی خۆیەتی بەڵام دڵی بۆ مافەکانی کورد لێدەدات، ئارەزووی وەدیهاتنی ئەو مافانەیە و ئارەزووی سەرکەوتنی ئەو خەباتەیە.

# د. عەلیار:
# پرسی کورد، پرسی حیزبێک و چەند حیزب نییە، بەڵکوو پرسی سەرجەم نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانە لە هەموو ناوچەکاندا

**- مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێمۆکرات کاردانەوەی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی هەبوو، لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات خەڵک بە مانگرتنی گشتی وڵامی ئەو جینایەتەی ڕێژیمیان دایەوە، ئەو کردەوەی خەڵک چ پەیامێکی بۆ ڕێژیمی ئێران هەبوو؟**

مەسەلەی مووشەکبارانی خەباتگێڕانی دێموکرات دەبێ لە دوو زاویەوە چاوی لێ بکەین، یەکەم ئەوەیکە ڕێژیم ویستی بەو مووشەکبارانە پەیامێک بدات، جینایەتێکی دیکە لە حەقی کورد بخولقێنێ و جینایەتێکی دیکە بەو جینایەتانەی کە لە چل ساڵی ڕابردوودا بە دژی کورد کردوویەتی و بە خەیاڵی خۆی کورد و حیزبەکانی کوردستانی بترسێنێ، کە واز لە خەبات بهێنن یان پاشەکشەیان پێبکات؛ ئەمە لایەکی مەسەلەکەیە، بەڵام لە زاویەیەکی دیکەوە ڕێژیم بی ئەوەی خۆی بیهەوێ، ململانێ و بەرەنگاربوونەوەیەکی لە بەین خۆی و نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دروست کرد کە لەو ململانێیەدا بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوانی نەدەکرد کە بەو بەربڵاوی و ڕاشکاوییە و بە تایبەتی بە توندی وڵامێک لە خەڵکی کوردستانی ئێران ببیستێت لە پێناو پشتیوانی لە حیزبەکان و ڕۆڵەکانیان، ئێستایش دوای هەڵوێست و ناڕەزایەتی خەڵک و دوای مانگرتنی خەڵک بەو بەرینییە، ئەگەر هەزاران کەسی دیکەمان لێ بکوژرێت، دۆڕاوی ئەو ململانێیە هەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

ئەو ململانێیە سەلماندی کە بەپێچەوانەی ئیدعاکانی ڕێژیم، پرسی کورد لە کوردستانی ئێراندا هەیە و زۆریش بەهێزە و مەسەلەیەکی دیکە کە سەلماندیی ئەوە بوو کە پرسی کورد، پرسی حیزبێک و چەند حیزب نییە، بەڵکوو پرسی سەرجەم نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانە لە هەموو ناوچەکان.



**-دوای ئەو جینایەتەی ڕێژیم جگە لە کاردانەوەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات، بەشێک لە وڵاتانیش هەڵویستیان هەبوو؛ دوای ئەو کردەوەیە هەڵویستە جیهانییەکان چۆن دەبن؟**

وڵاتانی ناوچە تەنانەت حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەو کردەوەیان مەحکووم کرد، دیارە بەو شێوەیە کە ئێمە پێمان خۆشە یان چاوەڕوانمان دەکرد نەبوو، بەڵام بەهەر حاڵ ئەو جینایەتەیان مەحکووم کرد و بە گشتی وڵاتانی ناوچەکە هەتا ئێستە نەمدیوە کە هەڵویستێک نیشان بدەن، بەڵام لەو بارودۆخەدا کە ئێستە بەسەر ناوچەکە حاکمە ناکرێت چاوەڕوان بین کە هەموو وڵاتان هەڵوێستیان بێت چونکە ئەو وڵاتانە دابەش بوونە بەسەر دوو لایەن و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شەڕێکی قورس و گران هەیە و لەو شەرایتەدا چاوەڕوان ناکرێت کە بە ڕاشکاوانە وڵاتانی ناوچەکە بەرامبەر بەو جینایەتە هەڵوێست بگرن، بەڵام ئامریکا هەڵویستی گرت و بەرپرسانی ئەو وڵاتە وەکوو مایک پێنس جێگری سەرکۆمار، هێدێر نائورت کە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکایە و هەروەها باڵوێزی بریتانیا لە عێراقیش هەڵوێستیان گرت ئەو کردەوەی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

**-هەڵویستی وڵاتانی ئوروووپایی و ئامریکا بەو شێوەیە کە چاوەڕوانی دەکرا نەبوو و هەڵوێستەکان تەنیا لە چوارچێوەی ڕاگەیەندراوێکی مەحکووم کردن بوو، ئەوە نیشاندەری چییە، ئایا بێدەنگ دەبن لە بەرامبەری ئەو کردەوەی ڕێژیم یان بەرنامەیەکی دیکەیان هەیە؟**

من پێم وایە کە بەرنامەیەکی دیکەیان هەیە، هەڵوێست گرتن لە عورفی پەیوندییەکان و نێونەتەوەیی و دیپلۆماسی، بڕێک جیاوازییان هەیە لە هەڵویست گرتن لەسەر پرسەکانی دیکە، ئەو پرسیارەم پێ باشە کە بۆچی ئوروووپاییەکان هەڵوێستیان نەگرت، بە میدیایی نەکردن و دەرنەبڕینی هەڵوێست لە میدیاکان بە مانای هەڵوێست نەگرتن نییە، ئاماژە بەوە دەکەم کە لە جەریانی تیرۆری ڕێبەری ئێمە دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بێرلیندا لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس، وڵاتی ئاڵمان و لە جەریانی تیرۆری دوکتور قاسملوویشدا، وڵاتی ئۆتریش هەوڵی زۆریاندا کە مەسەلەکە بشارنەوە و لە سەرەتا وایان لە پرسەکە کرد کە بسەلمێنێن کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نییە و دوایش هەڵوێستی وایان نەبوو کە ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد، بەڵام دوایی بۆمان دەرکەوت کە هەڵوێستی توندیان گرتووە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان لە دادگای میکۆنۆس، لە بەرزترین ئاستدا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە تێرۆریست ناساند و ئەو ڕێژیمەیان وەک وڵاتێکی تێرۆیست بە جیهان ناساند و ڕیسوایان کرد؛ ئەمن دڵنیام کە دوای جینایەتی مووشەکبارانی دیمۆکراتیش ئەو شتە ڕوو دەدات.

لە لایەکی دیکەشەوە ئوروپا هۆکارێکی دیکەیشی هەیە، مانەوەی لە بەرجام بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێت و ئامادەیە ئیمتیاز بە کۆماری ئیسلامی بدات کە لەو ڕێککەوتنە پاشەکشە نەکات.

**-دوکتور میرۆ، سەرەڕای پێبەندبوونی وڵاتە ئوروپاییەکان بە بەرجام، بە بەردەوامی باس لە چالاکییە مووشەکییەکانی ڕێژیمی ئێران دەکەن و هوشداری دەدەن کە دەبێت ڕایبگرێت، بەڵام هەر دەبینین بەردەوامە و بەکاریشیان دەهێنێت؟**

وڵاتانی ئورووپایی لەسەر مانەوە یان نەمانەوی بەرجام لەگەڵ ئامریکا جیاوازییان هەیە، بەڵام ڕاست وەکوو ئەو خاڵەی کە ئاماژەت پێکرد، لەسەر بەرنامەی مووشەکی ڕێژیم هەڵوێستی جیاوازیان نییە و ئورووپاییەکانیش بەرنامە مووشەکییەکانی ڕێژیم بە هەڕەشە لەسەر وڵاتانی ناوچەکە و ئەمنییەتی نێونەتەوەیی دەزانن، بۆیە من لەو باوەڕەدام ئەو مووشەکبارانەی کە کۆماری ئیسلامی کردی عەواقبی زۆر مەترسیداری بەسەر ئەو ڕێژیمە دەبێت، بەڵام کاتەکەی دیار نییە.

**_لە درێژەی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا کە ئاماژەتان کردن وەکوو تێرۆری میکونوس و تێرۆری دوکتور قاسملوو، بەردەوام بووە لە سکاڵا کردن کە دادگا جیهانییەکان و ڕێگەی یاسایی گرتووەتە بەر، ئایا بۆ جینایەتی مووشەکبارانیش، لە بەرنامەی حیزبدا هەیە کە لە ڕێگەی یاسا لە دادگا نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکان بە دژی ڕێژیم سکاڵا بکات؟**

بێگومان، ئێمە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە خۆشییەوە پەیوندی بەرینمان هەیە و لەو ڕێگەیە کەڵک وەردەگرین و لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکان ئەو پرسە دەهێنینە بەر باس و ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئیفشاکردن و لەقاودانی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی.

**-لە کۆتاییدا بە گشتی لەسەر ئەو پرسە و لە ئاستی نەتەوایەتی و لەسەر پاڵپشتی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە حیزبەکان بە مانگرتن، لە وڵامدا حیزبەکان و ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕاگەیەندراویان دا و دەسخۆشیان کرد لە خەڵک، ئەو وڵامدانەوە بە خەڵک جیا لە ڕاگەیەندراو، وڵامی حیزبەکان بە تایبەت حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە کردەوە چی دەبێت؟**

ئەو پەیامەی کە خەڵکی کوردستان دایان تەنیا بۆ کۆماری ئیسلامی نەبوو، ئەو پەیامە بۆ ئێمەیش بوو کە ئەگەر حیزبەکان یەکگرتوو بن و یەکهەڵویست بن لە بەرامبەر پرسی کورد و بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، خەڵکی کوردستان پاڵپشتی ڕۆڵەکانییەتی و پشتیوانیمان لێدەکات و من هیوادارم کە هەم بۆ خۆمان هەم حیزبەکانی دیکە ئەو پەیامەیان وەرگرتبێ و بە کردەیی بکەن.

# گەلی یاران

شەوە هەی داد ، گەلی یاران
تاو لە تاوی ئێمە هەر دیلی نەهاتە
بە هەرایە کوندی شوومی شەوە زەنگ
ئاڵی بێدەنگییە وا زاڵی حاڵی ئێمەیە و
چۆکی داداوە لە سەر سینگی ژیان!
چ بێزارن! چ بێزارن! چ بێزار!
چاو لە دیتن ،
گوێ لە بیستن ،
دەم لە هاوار ...
پیرە ئاواتی خەواڵووی چەقی رێی پڕ لە سنوور
پڕی باری لە برین و
لە ئەوینی تێشکاوی کوڕی مێژوو
ساڵهایە بە وەکاز و هێزی ئەژنۆی
دەیەوێ هەر دەیەوێ ڕابێتە سەر خۆی
سەد مخابن! شەوە یاسا پڕی سامە و
چەمی ڕوانین هەتەری ڕێی چ نەماوە!
پێ تەزووی مەرگی پێدادێ ، گەلی یاران!
یەکەم هەنگاو دەیەوێ دەستی بەنێ
هەر سۆمایەك ،
بەسە بەس ، بۆ هەتەری چاو
هەر ڕێگایەك ،
بەسە بەس ، بۆ یەکەم هەنگاو

گەلی یاران
دە تەکانێک
دە چرایەک
دە هەرایەک



## گزینگ قەت نامرێ

پێش لەوەی خۆری ئەم نیشتمانەمان
لە شەوی تاریکی "ویەن" دا و
لە پێش چاوی مانگی کوێر و بێ ڕوناکی
بە ئاگری ترۆر و خەیانەت بسوتێنن
ئەو دۆست و نادۆست و
دوژمنی دەناسی ...

پێش لەوەی هیوا چرۆ بکات
ئەو لە لوتکەی ئیماندا ڕاوەستابوو
پێش لەوەی خواست لە خەو هەستێ
ئەو لە ترۆپکی ئیرادە و هێزەوە
وانەی شۆڕشی بێ وەنەوزی دەوتەوە

ئەو لە چەشنی شاخەکان و داربەڕو
بزەی شیرین و
بەیانێکی پڕ لە تیشک و گزینگی
هەتوان بەخشی
پاش پووشپەڕی زام دەچوو
هەرچەند باسی باران بکەم
لە کانی بدوێم



هێشتا "سادق" ی ئێمە
ڕوونتر و بە خوڕتر بوو
ڕەنگەکان
وەرزەکان
هونەر و جوانی
شۆڕش و فیداکاری
پەیمان و وەفا

کاتێک کاکە "سەعید"ی ڕێبەر
بە ناویاندا تێپەڕ دەبوو
زیاتر لە جاران لە مەزنایەتی و جوانی
نیزیک دەبونەوە

دوکتور سەعید هەموو ڕۆژێک
لە شاخەوە
لە شارەوە
سەرهەڵدەدا و
دەڕوێتەوە
دەڕوێتەوە

میکۆنوس قەت نەیزانی
جینایەت قەت نەیتوانی و
مەلا ئینسان کوژەکانی تارانیش
هەرگیز نەیانفامی کە
شەرەفکەندی
نە ماندودەبێ
نە دەنوێ و
نە دەمرێ

**نەکەرۆز**

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* • No:734 22 Sep. 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

























